# ڕۆل و پێگەی پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان لە دەستە سەربەخۆکان و پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان

## کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بە نمونە

**د. ئارام نجم الدین برادۆستی**[1]

[1] فەرمانگەی هەولێر، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

لە ناوەراستی سەدەی رابردوو ژمارەیەك دەستەی سەربەخۆ لە هەندێ ولاتانی جیهان دروست بون بەپشت بەستن بە دەقی دەستوری، دواتر یاسادانەرەکان یاسایی پەیوەست بەو دەستانەیان دیاریکردوو ئامانجی سەرەکی لەو دەستانە بریتی بوو لە جێگیرکردنی دیموکراتیەت و بنەماکانی، هەروەها ڕێکخستنی کار کردن لە هەندێ بوار بە شێوەیەك زۆر گران بوو بە تایبەت لە سەردەمی نوێدا سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکانی وڵات وەك ( یاسادانان، جێبەجێکردن، دادورەی) ڕۆڵی خۆیان لەو بوارانە ببینن و ڕێکیبخەن.

ئینجا لێرەدا چەند پرسێك دێتە پێشەوە، ئەوانیش بریتین لە جێکردنەوەی پێکهاتە نەتەوەییەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان لە دەستە سەربەخۆکان، چونکە بە ڕوانین لە دەسەلاتە سەرەکییەکانی ولات بۆمان دەردەکەوێت بە تایبەت لە دەسەلاتی یاسادانان پشکی پێکهاتە نەتەوەییەکان و ئافرەتان دیاریکراوە، هەروەها لە دەسەلاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەری بە گوێرەی پێویست هەوڵدراوە شوێنیان بۆ بکرێتەوە، بەڵام ئایا ئەم پرسە لە دەستە سەربەخۆکان یەکلای کراوەتەوە؟ ئایا دەستەبەری هەیە بۆ پاراستنی نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکان و ئافرەتان؟ لە لایەکی تر سەربەخۆی ئەم دەستانە وەك پرسێکی تر دێتە پێشەوە، ئایا سروشتی سەربەخۆی ئەم دەستانە چۆنە؟ بە تایبەت لە ڕووی کارگێری و دارایی و ئەندامی، ئایا نابێت هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ئەم دەستانە و دەسەلاتە سەرەکییەکانی ولات هەبێت؟ یاخود پێویستە پەیوەندی هەبێت؟ ئەگەر پێویست بێت پەیوەندی هەبێت جۆری ئەو پەیوەندییە چۆن دەبێت؟ ئیتر هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی بابەتیانە لەم توێژینەوەیەدا ئەم پرسانە گفتوگۆ بکەین.

**کلیلە وشە:** پڕۆژەی دەستوری هەرێم، رۆڵی ئافرەت لە دەستە سەربەخۆکان، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی

## 1. پێشەکی:

لە پالأ دەستەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بە مەبەستی زیاتر چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی بە تایبەتی لەو وڵاتانەی لە قۆناغی گواستنەوەدان کۆمەڵێك دەستەی سەربەخۆ لە چوارچێوەی دەقە دەستورییەکان شوێنیان کرایەوە، دواتریش بە پشت بەستن بەو دەقە دەستوریانە یاسایی پەیوەستیان بۆ دەرچوو، پەیکەرەکانیان ڕێکخران و دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانیان دیاریکران و چۆنییەتی کارکردن تییاایاندا ڕێکخرا و ئامانجیان دەستنیشانکرا، کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕێکخستنی ئەو بوارانەی باشتر وابوە لە ڕێگەی دەستە سەربەخۆکانەوە کاریان تیادا بکرێت، زانراوە، کە پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان لە سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکە جێگەیان بۆ کراوەتەوە، تەنانەت دەقی یاسایی ئەم بابەتەی پشتراست کردۆتەوە، بەڵام لە دەستە سەربەخۆکان وەك پێویست ئەم پرسە بە دەقە یاساییەکان یەکلای نەبۆتەوە، بۆیە دەستەبەرییەك نییە بۆ هێنانەدی دروستی دادپەروەری نوێنەرایەتی پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان لە دەستە سەربەخۆکان، نمونەی ئەو دەستە سەربەخۆیانە وەك ( دەستەی مافی مرۆڤ، دەستەی راگەیاندن، دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەستپاکی، کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێم).

گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکە خۆی لە خستنەڕووی پێگەی پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان و ڕۆلیان لە دەستە سەربەخۆکاندا دەبینێتەوە، بە شێوەیەك بسەلمێنرێت، کە دەستە سەربەخۆکان نوێنەرایەتییەکی راستەقینەی تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگان. هەروەها وەك جێگیرکردنی یەکێك لە بنەکانی دیموکراتی، کە خۆی لە بەشداریپێکردنی

دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتیی بەشی قانون، فاکەڵتیی زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە لە ژێر ناونیشان: بەرەو دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ کوردستان – عێراق © ٢٠١٩
27-28 تشرینی دووەم 2019
ئیمەیلی تۆژەری یەکەم: arambradosty@hotmail.com
مافی لەبەرگگردنەوە و بڵاوکردنەوە © 2019 ناوی تۆژەران: د. ئارام نجم الدین برادۆستی

پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان دەبینێتەوە لە بەرێوەبردنی کاروباری وڵات.

کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە خۆی لە دوو خاڵ دەبینێتەوە، کە بە شێوەی پرسیار دەیخەینە ڕوو:

1- ئایا لە دەستە سەربەخۆکان توانراوە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان و ئافرەتان دەستەبەر بکرێت؟

2- ئایا ئەگەر پێکهاتەکان و ئافرەتان بونیان لە دەستە سەربەخۆکان هەبێت، نوێنەرایەتی راستەقینەی پێکهاتەکان دەکەن؟ لەبەر ئەوە لە رێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەمانەوێت تیشك بخەینە سەر کێشەی نوێنەرایەتی کردنی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان لە دەستە سەربەخۆکاندا.

**گریمانەی توێینەوە:**

پێویستە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دەستە سەربەخۆکان لەخۆبگرێت، لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بەوە بکرێت، کە چۆن لە سێ دەستەڵاتە سەرەکییەکە پێکهاتەکان نوێنەرایەتیان دەبێت، بە هەمان شیوە بە دەقی دەستور دەستەبەری ئەوە بکرێت، کە پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان بونیان لە دەستە سەربەخۆکان هەبێت دواتریش لە یاساکان رێژە و میکانیزمی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پێکهاتەکانی ئافرەتان لەم دەستانە دیاریبکرێت.

رێچکەی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەماندا پشت دەبەستین بە رێچکەی شیکردنەوە، بە خستنەڕووی سەرجەم دەقە دەستوری و یاساییەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی دەستە سەربەخۆکان. لە هەمان کاتدا پشت بە رێچکەی رەخنەیی دەبەستین لەو شوێنانەی، کە تێبینی و رەخنەمان هەیە لەسەر دەقە یاساییەکان.

پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بەسەر دوو تەوەردا، لە تەوەری یەکەم باس لە ناساندنی دەستە سەربەخۆکان و پێکهاتەکەیان و ئامانج لە دامەزراندنیان دەکەین، لە کاتێکدا لە تەوەری دووەم باس لە پێگە و رۆڵی پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان دەکەین لە کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

تەوەری یەکەم

ناساندن بۆ دەستە سەربەخۆکان

لە رۆژگاری ئەمرۆ دامەزراوەکانی دەستەسەربەخۆکان رۆلێکی بەرچاو دەبینن، هەریەکەیان لە بواری سروشتی کاری خۆییدا، لەگەل ئەوەشدا چەندین کۆسپ دەخرێتە بەردەمیان، بۆیە ئێمە لەم توێژینەیەوە باسی یەکێك لەو دەستانە دەکەین، کە جێگەی ئومێدی کوردستانە بە گشتی و بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی بە تایبەتی ئەویش کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسییە.  هەرچەند لەسەرەتادا واتە لەم تەوەرە هەوڵدەدەین باسی دەستە سەربەخۆکان بکەین بەگشتی دواتر باسی ئەو نمونەیە بکەین کە مەبەستمانە.

لە راستیدا بە مەبەستی باسکردنی دەستەسەربەخۆیەکان لە پێویستە ئێمە چەند پێناسەیەکی پەیوەست بە دەستە سەربەخۆکان بکەین، دواتر باس لە سروشتی ئەم دەستانە بکەین لە لایەك و لە لایەکی ترەوە لایەنی سەربەخۆی دەستەکان، بۆ ئەم مەبەستە دەمانەوێت ئەم تەوەرە دابەش بکەین بەسەر چەند لایەنێك بەم شێوەیەی خوارەوە

داواکراوی یەکەم:

پێناسەی دەستە سەربەخۆکان و سروشتی یاساییان

دەستەسەربەخۆکان بە گشتی هاوکاری دەستەڵاتی یاسادانان دەبن لە بواری پیادەکردنی دەسەڵاتی چاودێری بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، لە هەمان کاتدا هاوکاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبن، بۆ ئاراستەکردنی بەرەو پیادەکردنی هەلسوکەوتی گونجاو لەگەل دەقە یاساکان دورکەوتنەویان لە کەم و کوری، لە هەردوو حالەتەکاندا دەستە سەربەخۆکان پێویستیان بە ئەزمون و شارەزای و سەربەخۆی هەیە بۆ دەستەبەری ملکەچ نەبونیان بۆ دەستەلاتی جێبەجێکردن لە لایەك کاریگەرنەبونیان بە هەژمونی سیاسی لە لایەکی ترەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بریارە کارگێریەکان دەربکەن بە بێلایەنی و دوور لە کاریگەری و ناکۆکی و پێکدادان و پاشکۆی حزبی و سیاسی و وە ئەوەی لێی دەکەوێتەوەی لە ئاسەواری نەرێنی، ئەمەش بێگومان جێبەجێکردنێکی روون و تەواوە بۆ بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان. ( القیسی 2005، ص. 3 (

کاتێك سەیری سەرچاوەکانی باسکردنی دەستەسەربەخۆیەکان دەکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە دوو ناساندن هەیە بۆیان، ناساندنێك لە ڕووی ئەندامی و زیاتر جەتدەکەنەوە لەسەر خودی دەستەکان و پێپانوایە دەستەی هونەری تایبەتمەندن و سەربەخۆن لە دەستەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، هەندێکی تر لە زانایان باس لە دەستە سەربەخۆکان دەکەن لە ڕووی بابەتی یاخود وەزیفی، کە خۆی دەبینێتەوە لەو چالاکیانەی دەستەکان ئەنجامی دەدەن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی یاسا بۆی دیاریکردون.

لە ڕووی ئەندامییەوە وا پێناسەی دەستە سەربەخۆکان دەکەین، بەوەی بریتین لە دەستەی سەربەخۆ دروست دەبن بە گوێرەی دەستور کەسایەتی واتاییان هەیە سەربخۆن لە ڕووی کارگێری و دارایی، ئامانج لێیان کارکردنە بە بێلایەنی لەو بوارانەی، کە پێویستیان بە کارکردنێکی هونەری و سەربەخۆیە ، دەستەڵاتەکانی تر ناتوانن وەك ئەوان رۆلیان تیا ببنن. ( عیساوی، 2009، ص. 208(

هەروەها پێناسەیەکی تر هەیە لە لایەن یاساناسانەوە بۆ دەستەسەربەخۆکان، کە بریتین لە دەستەی نیشتمانی ملکەچ ناکەن بۆ دەستەڵاتی سەرۆکی وڵات و وصایەی کارگێری و خاوەنی سەربەخۆییەکی تەواون و جیان لە سێ دەستەڵاتە سەرەکییەکانی دەوڵەت ( یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری).( ژنون، 2017، ص 207)، نوسەری تر پێی وایە ئەم دەستانە دەزگایەکن رێکخستنێکی دیاریکراویان هەیە لە چوارچێوەی دەزگاکانی دەوڵەت، دەکرێ یاسا و پەیرەوێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت و کۆمەلێك دەستەڵات و جیاوکیان هەیە، کە بە گوێرەیانەوە بریارەکانیان دەردەکەن ئەمەش وایان لێدەکات، کە خاوەنی کەسایەتییەکی سەربەخۆبن. ئەمەیان لە ڕووی ئەندامی. ( القیسی، 2005،ص. 4(

بەڵام پێناسەکردنی ئەم دەستانە لە ڕوانگەی بابەتییەوە زیاتر جەخت لەسەر ئەو کار و چالاکیانە دەکاتەوە، کە ئەم دەستانە جێبەجێی دەکەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، بۆیە پێناسەی ئەم دەستانە لە لایەن نوسەری ترەوە کراوە لە ڕووی کردەوەکانیان بەوەی ئەو رێکار و ئامرازانانەن، کە پەیرەو دەکرێن بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئەو دەزگایانەی ملکەچن بۆ چاودێریکردن، پێوانەی ڕادەی لێهاتوی و توانستیان لەسەر هێنانەدی ئامانجە بابەتییەکان، بۆ دووپات کردنەوە لەوەی ئەو ئامانجانەی بەدەست هاتون ئەوانەن، کە پێویستبو بەدەستی بێنن، ئەو ئامانجانە بە گوێرەی نەخشەی بابەتی و کاتی دیاریکرداو هاتونەتە دی( عیاش، 2017، ص.88). هەروەها توێژینەوەیەکی الکفراوی (1997 کە ئاماژەی پێکراوە لە نوسینی

عیاش 2017، ص. 88) دەربارەی پێناسەیەکی تر بۆ دەستە سەربەخۆکان وای بۆ دەچێت، کە کردەوەی هەڵسەنگاندنی پشکنین و پێداچونەوەیە دەزگای تایبەتمەند پێی هەڵدەستن، بۆ دوپاتکردنەوە لە هێنانەدی ئامانجەکان و ستراتیژ و کارنامەی بابەتی لە لایەن دەزگای کارگێری ملکەچ بۆ چاودێری، لەگەڵ پێدانی دەستەڵاتی ئاراستەکردن و دەرکردنی بریارەکان، کە دەستەبەری کارکردنیان دەکات بە سەلامەتی، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەلێك پێوەر لەخۆدەگرن، بەهۆیانەوە ڕادەی دەرچون لە کارنامە بابەتییەکەی دیاریدەکات. لە ژێر رۆشنای ئەم پێناسانە بە پێویستی دەزانین پێناسەیەکی سادەی ئەم دەستان بکەین بەوەی کە بریتین لە دەستەی هونەری سەربەخۆ بێ لایەنن لە رووی کارگێر و دارایەوە چوارچێوەیەکی دەستوری و یاساییان هەیە و خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆیانن، جیان لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، کاردەکەن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا دامەزراون، بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتانەی بۆیان دیاریکراوە هەریەکەی لە بواری تایبەتمەندی خۆی.

**داواکراوی دووەم**

**سروشتی دەستە سەربەخۆکان**

لە راستیدا دەربارەی سروشتی دەستەسەربەخۆکان چەند بۆچونێك هەیە، کە ئێمە لە خوراوە هەوڵدەدەین سێ لەو بۆچونانە بخەینە روو :

**لقی یەکەم**

**دەستە سەربەخۆکان دەسەڵاتی کارگێرین**

لایەنگرانی ئەم بۆچونە لەگەڵ ئەوەن، کە دەستەیەکی ئیدارین نەك دەستوری چونکە دەزگاکانی دەستوری خۆیان لە سێ دەستەڵاتە سەرەکییەکە دەبیننەوە، بە پشت بەستن بە هەبونی کەسایەتی سەربەخۆی ئەم دەستانە لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی تر بە تایبەت دەستەڵاتی جێبەجێکردن، پشتگیریکەرانی ئەم بۆچونە پێیانوایە ئەم دەستە سەربەخۆیانە بە دەستەلات دانانرێن، چونکە دەستوردانەر ئەم دەستانەی لەژێر ناونیشانی دەستە سەربەخۆکان باس کردووە، وە ئەگەر بیەویستبایە بە دەستەلات ناویان بنات پێی دەگوتن دەسەڵاتە سەربەخۆکان. لە لایەکی تر ئەم دەستانە بەشێکیان لە رووی چاودێرییەوە ملکەچن یاخود پەیوەستن بە دەسەڵاتی یاسادانان، بەشێکیان پەیوەستن بە دەستەڵاتی جێبەجێکردن، بۆیە ئەو ملکەچکردن و پەیوەستبونە دوریان دەخاتەوە لە ناساندنیان وەك دەسەڵات، ( القیسی، 2005، ل 10-11 ) ئەم دەستانە ئامانجیان چارەسەرکردن و چاودێریکردنی بارودۆخێکە لە دەوڵەت بۆ پارێزگاریکردن لە ماف و ئازادییەکان و دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرە و نوێکان، کە لە رێگەی دامودەزگا کارگێرییە کلاسیکییەکان ناتوانرێت بە تەواوی دەستەبەر بکرێن لەبەر ئەوەی دامودەزگا کارگێرییەکان دەسەڵاتەکانیان بە شێوەیەکە، کە هەڵقولاوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لە لایەکی تر ئەم دەستانە ئامرازێکی پەیوەندی سەرەکین لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هاووڵاتی لە رێگەی هێنانەکایەی جۆرێك لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەم دەستانە بە تەواوکەری دامودەزگاکانی دەوڵەت دادەنرێن و جیاکاو نین لە سیستەمی مەرافقی کارگێری دەوڵەت وە ئامانجیان هەمان ئەو ئامانجەیە، کە دامودەزگاکانی دیکەی دەوڵەت هەیانە ( ژنون، 2017، ل.218 .(

**لقی دووەم**

**دەستە سەربەخۆکان وەك دەسەڵاتی چوارەم**

بەشێکی تر لە بۆچونی یاساناسان، کە زیاتر بۆچونی یاساناسانی فەرەنسیە، فەرەنسا سەرچاوەی دەرکەوتن و دامەزراندنی ئەم دەستانە بوە لە رووی شوێنییەوە وای بۆ دەچن، کە ئەم دەستە سەربەخۆیانە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی چوارەم وەك دەستەڵاتێکی سەربەخۆ وە جیا لە سێ دەستەڵاتە سەرەکیەکانی تری دەوڵەت، بۆیە ئەمانە بە دەستەڵاتێکی نوێ دادەنرێن و بیرۆکەی دەسەڵاتی چوارەمیش دووپاتی ئەم دەستە سەربەخۆیانە دەکاتەوە. ( سمیر2006، ل . لە هەمان کاتدا بۆ پشتگیری لەم بۆچونە هەندێ لە زانایان وادادەنێن ئەم دەستانە کاتێ دەکەونە چوارچێوەی دەقە دەستورییەکان بە دەسەڵاتێکی گشتی و سەربەخۆ دادەنێن، بۆ پشتگیری بۆچونەکانیان پشت دەبەستن بە چەند دەقێکی دەستوری بۆ نمونە کاتێ دەستوردانەری عێراقی لە مادە (47) باس لە دەسەڵاتە گشتیەکان دەکات لە بابی سێیەم لە ژێر نانیشانی (دەسەڵاتەکانی ئیتحادی) کاتێ نوسیویەتی ( دەستەڵاتی ئیتحادی پێك دێت لە دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری ......) باسی هەر یەکێك لەم دەسەڵاتانە دەکات لە بەشێکی سەربەخۆ، لە هەمان بابدا لە بەشی چوارەم باس لە دەستە سەربەخۆکان دەکات لە ژێر ناونیشانی ( دەستە سەربەخۆکان). لێرەدا دەستوردانەری عێراقی شێوازێکی نوێی پیادەکردوە بۆ ناساندنی سروشتی دەستەسەربەخۆکان، لە رێگەی جێکردنەوەیان لە تەك دەسەڵاتە گشتیەکانی دیکە، راستە وەك دەسەڵاتە گشتیەکانی دیکە درێژەی بە ئەرك و دەسەڵاتەکانیان نەداوە هۆکاری ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی ئەو دەستە سەربەخۆیانە لە دەستوری هەمیشەی عێراق لە رووی تیۆرییەوە لە هەمان کاتدا بە گشتی دەتوانین بلێین ئەزمونێکی تەواو دەوڵەمەندمان نەبوە بەر لە 2005 لە وڵات، ئەزمونی ئەو دەستە سەربەخۆیانە تەنانەت لە وڵاتانی جیهان ئەزمونێکی تازەیە. ( حاتم 2013، ص. 118. (

**لقی سێیەم**

**دەستە سەربەخۆکان خاوەن سروشتێکی دادوەرین**

کۆمەڵەیەکی دیکەی یاساناسان بەرەو ئەوە دەچن لە شیکردنەوەی سروشتی دەستە سەربەخۆکان، کە سروشتێکی دادوەری یاخود نیمچەدادوەریان هەیە، دەبێت لە چوارچێوەی دەزگای باڵای دادوەری رێکبخرێن، لایەنگرانی ئەم بۆچونە پشتدەبەست بە چەندین بەڵگە، لەوانە سروشتی سەربەخۆی ئەم دەستانە لە رووی کارگێری و داراییەوە، هەروەها ئەم دەستانە جۆرە دەسەڵاتێکیان پێ دەبەخشرێت، کە بەکاریدێنن لە یەکلایکردنەوەی کێشەکانی نێوان دامودەزگاکان یاخود هاوڵاتیان، یاخود دام و دەزگاکان و هاولاتیان. سەرەرای ئەوەی هەندێ لە بریارەکانی ئەم دەستانە بریاری یەکلایکەرەوەن و شیاوی تانەلێدان نین، کە ئەمەش تەنها بۆ بریارەکانی هەندێ لە دادگاکان شیاوە، هەندێ لەم دەستانە جۆرێ لە دەسەڵات پیادەدەکەن لێکچووە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی لە لایەن دادگاکانەوە پیادەدەکرێت هەروەك دەستەی دەستپاکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی کۆمەلێك بریار لەم بارەیەوە دەردەکەن. ( عیاش 2017، ص. .94(

لە راستیدا بۆچونی ئێمە دەربارەی ئەم دەستانە دەکەوێتە چوارچێوەی پێشنیاری پرۆژەیەك، ئەویش ئەوەیە دەستوردانەری کوردستانی هەڵبدات جیاکارییەك بکات لە نێوان دوو جۆری دەستەکان، جۆری یەکەم ئەو دەستانەن، کە زیاتر پاشکۆی دەسەلاتی جێبەجێکردنن لە رووی کارگێری و هێنانەدی ئامانجەکانیان زیاتر هەماهەنگی و پەیوەندیان لەگەل دەسەلاتی ناوبراو هەیە وەك دەستەی گەشتوگوزار و دەستەی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام دەستەکانی تر، کە

تەنها بۆ چاودێری ملکەچن بۆ دەسەڵاتی یاسادانان وە هەریەکەیان لە بوارێك کار دەکات نابێت هەژموونی دەستەڵاتە سەرەکییەکانی هەرێمی لەسەرەوە بێت دەبێت سەربەخۆ بن ئەمانە وەك دەسەڵاتی چوارەم بناسرێن و لە چوارچێوەی دامەزراوەیەك بە ناوی دەسەڵاتی دەستە سەربەخۆکان پێگەیان لە دەستوری هەرێم لە دوای سێ دەستەلاتە سەرەکییەکانی تر بۆ دیاریبکرێت، هەریەك لە سەرۆکی ئەم دەستە سەربەخۆیانە وەك وەزیر بناسرێت هەروەك ئێستا لە یاساکانی پەیوەست بە خۆیان بەم شێوەیە هاتوە، سەرۆکی سەرجەم دەستە سەربەخۆکان ئەندام بن لەو دامەزراوەی دەیانگرێتە خۆ، بە شێوەیەکی خولی سەرۆکێك سەرۆکایەتی دامەزراوەکە بکات لە سەرۆکەکانی دەستە سەربەخۆکان بۆ ماوەی شەش مانگ یاخود یەك ساڵ، یاخود سەرۆکێکیان بۆ دابنرێت جیا لە سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، هەریەکێك لەم دەستانە خاوەنی ناوەندێك بێت لە بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی خۆی، هەبونی دامەزراوە وەك دەسەڵاتی چوارەم و بونی سەرۆکێك بۆی تەنها بۆ ڕێکخستینان بێت وەك دامەزراوەی دەسەڵاتی چوارەم.

**داواکاری سێیەم**

**سەربەخۆی دەستە سەربەخۆکان**

کاتێك باسی سەربەخۆی دەستە سەربەخۆکان دەکرێت دەبێت مەبەست چی بێت لە وشەی سەربەخۆی؟ ئایا ئەم دەستانە لە ڕووی دەزگایەوە سەربەخۆن و سەربە هیچ دەسەڵاتێکی ترەوە نین، یاخود لە ڕووی بابەتییەوە سەربەخۆن و دەبێت لە ڕووی دەرکردنی بڕیارەکانیان و ڕۆڵی فەرمانبەران و فەرمانبەرێتی و پیشەییانەوە سەربەخۆ بن، بۆیە دەمانەوێت بە پشتبەستن بە خستنەڕووی ئەو بوارانەی، کە باسی دەستە سەربەخۆکان دەکرێت سەربەخۆی ئەم دەستانە گفتوگۆی لە بارەیەوە بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لقی یەکەم**

**سەربەخۆی کارگێری**

ئەم ڕووەی سەربەخۆیی ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆمەڵێك دەستەبەری وەك ڕێسا لە دەستوری وڵات جێگیرکرابن بە شێوەیەك هیچ دەسەڵاتێکی تر نەتوانێت دەست وەربداتە کاروباری ئەم دەستە سەربەخۆیانە، بۆ نمونە دەقێك هەبێت لەسەر هەبونی دەستەکان و سەربەخۆی ئەم دەستانە، دەستەڵاتەکانی دیاریبکرێت، ئەگەر بە یاساش بێت، چونکە پێدانی هەر دەسەڵاتێکی دەستە سەربەخۆکان بۆ دەسەڵاتەکانی تر بە کەمکردنەوە لە دەستەلاتی دەستە سەربەخۆکان دادەنرێت، ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی، کە دەستە سەربەخۆکان تاکلایەنە کاروبارەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن بەبێ ئەوەی دەسەڵاتەکانی دیکە دەست وەربدەنە کاروباریان، وە دەکرێت ئەم دەستانە پەیوەستییەکی بەتینیان هەبێت لەگەل دەسەڵاتی یاسادانان بەڵام نەك بە مانای دەست وەردان، پێویستە دەستەکان ئازادبن لە دانانی پەیڕەوی تایبەت بە خۆیان و دانانی سیستەمێك بۆ فەرمانبەرانیان، دەستەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری گرنگییەکی زۆر بدەن بەو ڕاپۆرتانەی لە لایەن ئەم دەستانە بەرزدەکرێنەوە بۆ لایان، سەرەڕای ئەوە سەربەخۆی ئەم دەستانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، ناکرێت ئەو بڕیارانەی لە لایەن ئەم دەستانە دەردەچن لە لایەن دەسەڵاتە باڵاکانەوە هەڵبوەشێنرێنەوە یاخود هەمواربکرێن، تەنها لە چەند کاتێکی دیاریکراوی بەرتەسکدا نەبێت، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری دەستەڵاتەکانی خۆیان بەکارنەهێنین بەرامبەر دەستە سەربەخۆکان، بەڵکو دەکرێت لە کاتی دەرکردنی بڕیاری نادروستی دەستە تانە لە بڕیارەکانیان بدرێت مەبەست ئەو بڕیارانەیە، کە دەرفەتی تانە لێدانیان هەیە ( رسول، 2019، ل. 17)، دەزگای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن ناتوانێت متمانەی قەوارە سیاسیەکان بەدەست بێنێت و پارێزگاری لەو متمانەیە بکات، تەنها لە ڕێگەی ئەوە دەبێت، کە سەربەخۆ بێت لە قەوارە سیاسیەکان و دەستەڵاتی جێبەجێکردن. ( أسماعيل، 2009، ل. 87).

کەواتە دەبێت دەستەڵاتە کارگێڕییەکان لە دەستی دەستە سەربەخۆکان بێت بە تەواوەتی، پێدانی هەر دەسەڵاتێکی دەستە سەربەخۆکان بۆ دەسەڵاتێکی تر مانای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەستەسەربەخۆکان و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەلاتی تەواوەتیە بۆ دەسەڵاتی بەشی ( جزئي)، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە چەندین پێوەری دیار هەبن لەوانە پێویستە لە دەستورەکان ئاماژە بەوە بکرێت، کە چەند دەقێك لەسەر بونی دەستە سەربەخۆکان هەبێت، ( القيسي، 2005، ص.11) ، یەکێك لە سیماکانی تر ئەوەیە، کە دەبێت پەیڕەوێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت و کۆمەڵێك ڕێسا لە خۆبگرێت چۆنییەتی ڕێکخستن وکارکردنی پێکهاتە کارگێڕییەکانی دەستە سەربەخۆکان دەبێت دیاری بکات دەبێت ئەم پەیڕەوە لە لایەن ئەنجومەنی باڵای دەستەوە پەسەند بکرێت بەبێ ئەوەی دەستەڵات و ئۆرگانی تر دەستی هەبێت لە پەسەندکردنی. ( حمدأمين، 2001، ل. 33. )

بۆ دەستەبەری دەستە سەربەخۆکان پێویستە ئەم دەستانە بە ئەندازەیەکی گونجاو بۆی هەبێت بڕوانێت بەسەر بەشێك لە بەڵگەنامە ڕێکارییەکانی ئەو لایەنانەی چاودێری ئەم دەستانە دەکەن بۆ ئەوەی ئاگادار بن لەو لایەنانەی، کە پەیوەستن بە چاودێریکردنەوە، بۆ نمونە: دەستە سەربەخۆکان ملکەچن بۆ چاودێری پەرلەمان، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەو لایەنە بن، کە پەرلەمان چاودێریان دەکات، بە هەمان شێوە دەربارەی دیوانی چاودێری دارایی لەوەی پەیوەندی بە لایەنی خەرجی ئەم دەستانەوە هەیە. ( القيسي، 2005: 11 )

پێویستە ئەم دەستانە ئازادییان هەبێت لە نوسینی ڕاپۆرتەکانیان دەربارەی ئەرك و کارە جۆراوجۆرەکانی خۆیان دەبێت هەماهەنگیان هەبێت لەگەل دەسەڵاتە سەرەکیەکانی دەوڵەت لەوەی پەیوەندی بە ڕێکخستن و بەرەوپێشبردن و جێبەجێکردنی کارەکانی خۆیان هەیە، بۆ نمونە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن جگە لە دەسەڵاتی یاسادانان دەبێت هەماهەنگە هەبێت لەگەل دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە نێویاندا وەزارتی دارایی بۆ ئامادەکردن و ڕێکخستن و پاکتاوکردنی بودجەکان، هەروەها دەبێت هەماهەنگی هەبێت لەگەل دەستەڵاتی دادوەری لەوەی پەیوەندی بە یەکلایکردنەوەی تانە و سکاڵاکانەوە هەیە. لەوەی پەیوەندی بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەوە هەیە، بە گوێرەی یاسا دەستەیەك دادەمەزرێ لە ژێر ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بۆ ئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵات، کە ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتییەکان ئەنجام دەدا لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان – عێراق . ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 2، 1)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت بە یاسا پێگەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دیاریکراوە ئەمەش وەك دوپاتکردنەوە لە سەربەخۆی کارگێری کۆمسیۆن. کۆمسیۆن لە ڕێگەی ئەنجومەنی کۆمیسیارانەوە دەسەڵاتی دەرکردنی پەیرەوی تایبەت بە کاروبارەکانی کۆمسیۆن هەیە، هەروەها دەسەڵاتی کردنەوە و هەلوەشاندنەوە و بەیەکەوە گرێدانی بەڕێوەبەرایەتییەکان نیان بەشەکان، یان هۆبەکانی هەیە لەکاتی پێویستدا ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 16) دەستەڵاتی دانان و دەرکردنی پەیرەو و ڕێنماییەکانی هەیە، کە پەیوەست بن بە پاراستنی بێگەردی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن

و راپرسی ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 6، یەکەم، 7)، بۆ نمونە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن تاکو ئێستا دوو پەیڕەوی تایبەت بە خۆی دەرکردووە، یەکێکیان پەیڕەوی ژمارە (1)، کە ناودەبرێت بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، دووەمیان پەیڕەوی ژمارە (2) کە ناودەبرێت بە پەیڕەوی ناوخۆی کارگێری هەڵبژاردن، سەرەرای دەرکردنی چەندین پەیڕەوی تایبەت بە بەڕێوەبردنی پرۆسەی راپرسی کە لە (2017/9/25) ئەنجامدرا وە بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە (2018/9/30) ئەنجامدرا.

**لقی دووەم**

**سەربەخۆیی دارایی**

دیارترین سیماکانی دەستەسەربەخۆکانە، ناتوانین باس لە سەربەخۆی دەستەکان بکەین بەبێ باسکردنی سەربەخۆی لایەنی دارایی، ئەم سەربەخۆییە ئازادیەك دەبەخشێت بە دەستەکان بە شێوەیەك بتوانن هەڵسوکەوتی یاسایی ئەنجام بدەن، بۆ پاڵپشتی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی پەیوەندیان بەم دەستانەوە هەیە، کە سروشتی پەیوەندی کارگێری لە وڵات دەیانسەپێنێت، ئەگەر دەستەکان ئەم توانایەیان نەبێت، ئەوا ناتوانن لەم ڕووەوە بڕیاری پێویست وەربگرن و پرۆژەکانیان جێبەجێبکەن. لەبەر ئەوە بەرچاوترین پاڵەپەستۆ لەسەر ئەم دەستانە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دروست دەبێت بەهۆی پەسەندنەکردنی بەشێك لە دەرخستە داراییەکانیان. ( عبدالکريم، 2009:ل. 95. (

هەروەها دەبێت دەستەکان سەربەخۆبن لە ئامادەکردنی بودجەی خۆیان بەبێ دەست تێوەردانی لایەنەکانی چاودێر لەسەر ئەم دەستانە، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان پێداویستیەکانی خۆیان هەڵبسەنگێنن دوور لە لایەنەکانی دەرەوەی ئەم دەستانە، خۆیان جێبەجێی بکەن و خۆیان چاودێری جێبەجێکردنی بکەن. ( أرحيم 2012، ل.30). بەڵام ئەو بودجەیەی دەستە سەربەخۆکان ئامادەی دەکەن دەبێت ڕەوانەی وەزارەتی دارای بکرێت بۆ ئەوەی وەزارەتی ناوبراو کاری لەسەر بکات و ڕێکبیخات بە شێوەیەك دەستەبەری سەرجەم کارەکانی دەستەکە بکات، لە لایەکی تریشەوە بکەوێتە چوارچێوەی پلانی دارایی دەوڵەتەوە، ئەمەش لە سەربەخۆی ئەم دەستانە کەم ناکاتەوە. لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی یاسادانان هەڵدەستێ بە پەسەندکردنی بودجەی گشتی وڵات کە بودجەی دەستە سەربەخۆکانیش لە خۆدەگرێت بە هەمان شێوە ئەمە نابێتە دەستوەردان لە کاروباری دەستەکان بەڵکو پاڵپشتێکە لە دەستەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن. ڕۆڵی دیوانی چاودێری دارایی بە گشتی بۆ پاراستنی سامانی وڵات و نەهێشتنی گەندەڵی ڕۆڵێکی گرنگە، بۆیە ئەم ڕۆڵە دەبێت سەربکێشێت بۆ سەر دەستە سەربەخۆکانیش ، ئەمەش بە هەمان شێوە لە سەربەخۆی ئەم دەستانە کەم ناکاتەوە ( أرحيم 2012، ل.27.(

دەربارەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەیە لە هەرێمی کوردستان لەم ڕوانگەیەوە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەسەڵاتی دارشتنی سیاسەتی داریی خۆی هەیە ( پەرلەمانی کوردستان، 2014: 6-10) هەروەها کۆمسیۆن بودجەیەکی ساڵانەی سەربەخۆی دەبێ بە گوێرەی ڕێنمای و ڕێسا پەیڕەوکراوەکان لەلایەن ئەنجومەنەوە پێشنیار دەکرێ بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوری، پەرلەمان پەسەندی دەکات و دەخرێتە ناو بودجەی گشتی هەرێم. ( پەرلەمانی کوردستان، 2014: 15) ژمێرکاری کۆمسیۆن لە ژێر چاودێری و وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دادەبێت.( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 16.(

**لقی سێیەم**

**سەربەخۆی ئەندامی**

ملکەچبون و پابەندبونی دەستە سەربەخۆکان دەگرێتەوە لە ڕووی پێکهاتنیانەوە بۆ کۆمەڵێك ڕێسای دیاریکراو کە مەبەستیان بەرزراگرتنی سەربەخۆی ئەم دەستانەیە لە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەم شێوەیە ئەم دەستانە پێویستیان بە پاراستنی سەربەخۆی خۆیانە بەرامبەر دەستەڵاتی سیاسی، خۆیان بۆیان هەیە بڕیاربدەن لەسەر دامەزراندنی فەرمانبەرانی خۆیان، بۆیە بیرۆکەی سەربەخۆی ئەم دەستانە لە ڕوانگەی کارگێرییەوە خۆی لە چەند پێوەرێك دەبینێتەوە لەوانە: چۆنیەتی پێکهێنانی ئەم دەستانە، ڕێگەی دامەزراندنی ئەندامەکانی، ڕادە و ئەندازەی دەسەڵاتی سیاسی لە وڵات لەسەر لابردن و نوێکردنەوەی ئەندامێتی فەرمانبەرانی ئەو دەستانە، هەروەها دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی سەرجەم ڕێساو یاساکانی پەیوەست بە کاری فەرمانبەرێتی پابەندبون بە چوارچێوەی دەستوری و یاسایی بۆ پاراستنی بێلایەنی و بابەتی و سەربەخۆی ئەم دەستانە ( رسول 2017، ل. 17 )، لەسەر ئەم بنەمایە نابێت دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەستەکان لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت، واتە لێرەدا دەستەکان لە پێشتر لە ئۆرگانەکانی دەستەڵاتی دادوەری دادەنرێن، چونکە فەرمانبەرانی دەستەڵاتی دادوەری لە لایەن دەستەڵاتی جێبەجێکردنەوەیە. هەربۆیە دەستەکان خۆیان هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو یاسا و ڕێسایانەی پەیوەندیان بە ڕاژەی شارستانی فەرمانبەرانەوە هەیە.

لە هەمان کاتدا زۆر لە نوسەران بێلایەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بە ڕەگەزێکی تەواوکاری سەربەخۆی دادەنێن، پابەندبون بە بێلایەنی ئەوەیە فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بە وردی بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەرامبەر سەرجەم دەنگدەران و پاڵێوراوان و قەوارە سیاسیەکان ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. گرنگی ئەم ڕەگەزە زیاتر مەترسی دەبێت، کاتێك یەکێك لە پاڵێوراوان هەست دەکات فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ناتوانن بە بێلایەنی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. ( الباز، 2006، ل.538)، لەوەی پەیوەندی بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەوە هەیە، ئەنجومەنی کۆمیسیاران دەسەڵاتی دامەزراندنی فەرمانبەرانی نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان و یەکە کارگێرییەکانی هەیە ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 7، یەکەم، 9). دەسەڵاتی ئەوەی هەیە نەك تەنیا فەرمانبەرانی ئاسایی، بەڵکو فەرمانبەرانی پلە باڵاکانیش لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان دابمەزرێنێن لە ڕێی پێشنیارکردنی ( 3) سێ پاڵێوراو بە گوێرەی بنەمای دەرفەتی یەکسان، لیژنەیەکی تایبەت ئەم کارە جێبەجێدەکات، کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیاران دروستدەکرێت ، یەکێك لە پاڵێوراوەکان لە لایەن ئەنجومەنەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ هەڵدەبژێردرێ. ( پەرلەمانی کوردستان، 2014: 6، 2). ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەوەیە ئاماژە بە بنەمای دەرفەتی یەکسان کراوە، بەڵام ئەوە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن جێبەجێناکرێت، چونکە لە ڕووی کردارەکی و واقعیەوە کۆمسیۆن لە نوێنەری (5) پێنج پارتی سیاسی پێکهاتوە لەگەڵ نوێنەری پێکهاتەکانی تورکمان و مەسیحی لە باڵاترین ئۆرگانی کۆمسیۆنەوە، کە ئەنجومەنی کۆمسیارانە تاکو دەگاتە فەرمانبەرانی یەکەکانی خوارەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین دەرفەتی یەکسان لە نێوان پاڵێوراوانی پارتێکی سیاسی کاتێك بە گوێرەی کۆمەڵێك پێوەر و سیفی ئەم دەرفەتە دەخاتە بەردەستی ئەندامانی، بەڵام ئەم دەرفەتە فەراهەمناکرێت بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا بە گشتی، بۆیە پێشنیار دەکەین هەمواربکرێت بە شێوەیەك لەگەڵ کردەیی و واقعی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بگونجێنرێت، بەڵام لەوەی پەیوەندی بە دامەزراندنی فەرمانبەرانی کۆمسیۆنەوە هەیە، هەروەك لەسەرەوە ڕونمانکردەوە کۆمسیۆن سەربەخۆیە لە

دامەزراندنی فەرمانبەرانییەوە، وە لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە ئەویش ئەوەیە، ئایا دامەزراندنی پلە باڵاکان لە بەرێوەبەرە گشتییەکان پێویستیان بە مەرسومی هەرێمییەوە هەیە؟ ئەگەر مەرسومی هەرێمی پێویست بێت کاریگەری لەسەر سەربەخۆی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەبێت لە ڕووی بڕیاری دامەزرادنیانەوە، ئایا دەکرێت بە بێ مەرسومی هەرێمی پلە باڵاکان لە بەرێوەبەرە گشتییەکان دەست بەکار بن، ئایا ئەگەر یەکێك بەر لەوەی پلەی باڵای پێببەخشرێت لە وەزارەتێکی تر دامەزرابێت، دەبێت دوبارە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەوە فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەربچێت لە شوێنی پێشوی خۆی وازبهێنێت، یاخود شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە؟ لە راستیدا بۆ یەکەم جار بەرێوەبەرە گشتییەکان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم، کە ژمارەیان ( 12) بەرێوەبەری گشتی بوو بە بڕیاری ئەنجومەن ژمارە (12) لە (2017/1/18) دامەزراون، دواتر پالپشت بەو بریارە فەرمانی کارگێری دامەزراندیان بۆ دەرچووە لە دائیرەی کارگێری هەڵبژاردن بە ژمارە (33/1/1) لە (2017/1/23) بەڵام فەرمانی دەست بەکاربونیان بۆ دەرنەچوو تاکو بڕیاری ئەنجومەنی کۆمیسیاران، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کرا، بەمەبەستی دەرچواندنی مەرسومی هەرێمی بۆ سەرجەم بەرێوەبەرە گشتییەکان، دوای گەڕانەوەی مەرسومی هەرێمی بە ژمارە ( 42) لە ڕێکەوتی ( 2017/3/15 )، ئینجا فەرمانی دەستبەکاربون بۆ بەرێوەبەرە گشتییەکان دەرچوو بە ژمارە ( 33/1/1) لە ڕێکەوتی ( 2017/3/15)، پالپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی کۆمیسیاران ژمارە ( 12) لە ڕێکەوتی (2017/1/18)، بۆیە بە گشتی چەند سەرنجێك هەیە لەسەر مەرسومی هەرێمی، کە دەردەچێت بۆ بەرێوەبەرە گشتییەکان، کە وەك پلەباڵاکان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم دامەزراون ئەوانیش ئەمانەن:

1- بەرێوەبەرە گشتییەکان وەك پلەی تایبەت یەکێکن لەو پلانەی، کە دەبێت مەرسومی هەرێمی بۆ دەربچێت ئەمەش بە پشتبەستن بە مادە (10) لە یاسایی سەرۆکاییەتی هەرێم ژمارە (1) بۆ ساڵی (2005)، کە کاتێ باسی دەستەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دەکات، هاتووە ( دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان دوای پێشنیارکردنیان لە لایەن وەزیری تایبەتمەند و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.(

2- بەرێوەبەری گشتی وەك پلە باڵاکان لە سەرجەم دەستە سەربەخۆکانی تر، وەك دەستەی دەستپاکی و دەستەی مافی مرۆڤ مەرسومی هەرێمیان بۆ دەرچووە بۆ پشتڕاستکردنەوە لە دامەزراندنیان.

3- مەرسومی هەرێمی سەبارەت بە دامەزراندنی پلە باڵاکان وەك بەرێوەبەری گشتی لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم بڕیاری ئاشکراکەرە نەك دروستکەر ( قرار کاشف ولیس منشئ.(

لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین لە ڕووی بابەتییەوە، ئەگەر مەرسومی هەرێمی دەرنەچێت کار ناکاتە سەر ڕێڕەوی دەست بەکاربونی بەرێوەبەرە گشتییەکان، بەڵکو دەتوانن بەبێ مەرسومی هەرێمی فەرمانی کارگێری دەست بەکاربونیان بۆ دەربچێت، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچونەش دامەزراندنی بەرێز ( رێباز جمال مولود) بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی کارگێرییە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم، کە بە هۆی هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم مەرسومی هەرێمی بۆ دەرنەچوو، بەڵکو فەرمانی ژمارە ( 4618) لە ڕێکەوتی (2018/9/16) ی بۆ دەرچوە، بە پشت بەستن بە بڕیاری ئەنجومەنی کۆمیسیاران ژمارە ( 12) لە ڕێکەوتی ( 2018/6/5) دواتر فەرمانی کارگێری ژمارە ( 610/1/2) لە ڕێکەوت ( 2018/6/21 ) دەست بەکاربوونی بۆ دەرچوە، تا ئێستاش لە فەرمانبەرێتیەکەی بەردەوامە. بەڵام لە ڕووی ڕواڵەتییەوە بەڵێ بە پێویست دادەنرێت و هیچ کاریگەری ناکاتە سەر ڕەگەزی سەربەخۆی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن وەك دەستەیەکی سەربەخۆ.

## تەوەری دووەم

## پێکهاتەی ئافرەتان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی

لەم بەشەدا دەمانەوێت باس لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی بکەین لە هەرێمی کوردستان، بە پشت بەستن بە یاسایی ژمارە (4) ی ساڵی (2014)، هەروەها لە لایەکی ترەوە دەمانەوێت باس لە ڕۆڵ و پێگەی پێکهاتەکان بکەین لە پێکهاتەی کۆمسیۆنی ناوبراو، لە هەمان کاتدا دەمانەوێت ڕێگەکانی دانانی فەرمانبەرانی بە خستنەڕووی چەند داتایەك باس بکەین بۆ ئەوەی ڕێژەکەیان لەم دەستەیە بزانین، لە پاشان باسی ڕێگەکانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی فەرمانبەرانی پێکهاتەکان بکەین، ئینجا ڕۆلیان بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێت دەربارەی ڕۆڵی پێکهاتەکان.

### داواکراوی یەکەم

### کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی

لەم داواکاریەدا دەمانەوێت باس لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بکەین، لە ڕێگەی باسکردنی پێگەی دەستوری و یاسایی کۆمسیۆنی ئاماژەپێکراو، پێناسەکردنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و باسکردن لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی و دواتر باسکردنی پێکهاتە کارگێرییەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

لقی یەکەم : پێگەی دەستوری و یاسایی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی

هەروەك ئاشکرایە ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە گوێرەی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە ( 8) لە ڕێکەوتی ( 2009/6/24) پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان پەسەند کرا، بە بڕوای ئێمە بۆ ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان پرۆژەکە پرۆژەیەکی هەمەلایەنە و گشتگیر بوو، گونجاوبوو لەگەل ئەم بارودۆخەی هەرێمی کوردستان، بەڵام بە داخەوە بە هۆی تێکگیرانی هەڵوێست و بیروبۆچونە سیاسیەکان و بەیەکنەگەیشتنی پارتە سیاسیەکان و دروستبونی کەشێکی نەخوازراو لە هەرێمی کوردستان دواتریش بۆ ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکە و پێکەوە کارکردن و پاراستنی قەوارەو ئەزمونی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی متمانە لە نێوان پارتە سیاسیەکان و دروستکردنی متمانە و جێگیری دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان ڕێکەوتنێکی سیاسی کرا، لە نێوان پارتە سیاسیەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە بە گوێرەی مادەی (10/ برگەکانی یەکەم و دووەم) لە یاسایی ژمارە ( 4) سالی ( 2015) پرۆژەکە هەڵوەشێنرایەوە، بریار درا بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ دووبارە نوسینەوەی پرۆژەی نوێی دەستوری هەرێمی کوردستان، بۆیە بەهۆی نەبونی دەستورێك لە هەرێمی کوردستان ئێمە ناتوانین بڵێین پێگەیەکی دەستوریمان هەیە بۆ دەستە سەربەخۆکان لە نێویشیان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەین لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان شوێنی هەموو ئەو دەستە سەربەخۆیانە بگرێتەوە، کە لە هەرێمی کوردستان بونیان هەیە و پێکهاتەی کارگێریان هەیە، پێشنیار دەکەین هەوڵبدرێت بە جێکردنەوەی ئەو دەستانەی، کە بونیان نییە و پێویستیشن بۆ هەرێمی کوردستان، دیاریکردنی ئەم دەستانەش پێویستە لە چوارچێوەی دیراسەی گرنگ بێت، بۆ نمونە هەرێمی کوردستان پێویستی بە

ئەنجومەنی راژەی شارستانی هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەین لە پرۆژەی دەستوری نوێ شوێنی بۆ بکرێتەوە.

بەڵام دەربارەی سەرجەم دەستە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان، کە بونیان هەیە بە پشتبەستن بە یاسایی پەیوەست بە هەر دەستەیەکی سەربەخۆ توانراوە لە رووی یاساییەوە ئەم بۆشاییە پڕبکرێتەوە، واتە لێرەدا پەرلەمانی کوردستان رۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە دەرچواندنی کۆمەڵێك یاسا بۆ دەستە سەربەخۆکان، بونی بەشێك لەم دەستانە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ساڵی ( 2005) وەك دیوانی چاودێری دارایی ، بەشێکی تریشی دەگەڕێتەوە دوای ( 2005)، دەربارەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە هەرێمی کوردستان و دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2014) بە پشتبەستن بە یاسایی ژمارە (4) ی هەمان ساڵ

**لقی دووەم**

**پێناسەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی و ئەرك و دەسەڵاتەکانی**

ئەگەر سەیری یاسایی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە یاسادانەری کوردستانی پێناسەی کۆمسیۆنی کردوە بەوەی دەڵێت ( کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەی سەربەخۆ و بێلایەنە و خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی خۆیەتی و ملکەچە بۆ چاودێری پەرلەمان و بەرپرسیاریشە لە بەرامبەریدا. ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 3 )، لەم پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە یاسادانەری کوردستانی دوپاتی کردۆتەوە لەسەر سەربەخۆی و بێلایەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و دوپاتکردنەوەی لەسەر لایەنی پیشەیی کۆمسیۆن ، کەسایەتییەکی واتای بەخشیوە بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن وەك هەر دامەزراوەیەك لە دامەزراوەکانی تری سێ دەسەڵاتە سەرەکیەکانی دەولەت و دامودەزگاکانیان. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە یاسادانەر ئەم کۆمسیۆنەی ملکەچکردووە بۆ پەرلمانی کوردستان و بەرپرسیاری کردووە لە بەرامبەریدا، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ملکەچ دەکات بۆ پەرلەمان و بەرپرسیارە بەرامبەری ؟

لە راستیدا ئەنجومەنی کۆمیسیارن کە لە ( 9) ئەندام پێکدێن لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرین، واتە متمانەیان لە لایەن پەرلەمانەوە پێدەدرێت بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی دوای ئەوەی لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە، کە پەرلەمان پێکیدەهێنێ پێشنیاز دەکرێن ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 5، یەکەم، أ)، بۆیە هەر پەرلەمانیش دەتوانێت متمانەیان لێوەربگرێتەوە بە تاك یان بە کۆ لە ئەرکەکانیان کاتێك، کە سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە و پەیڕەوەکان دەکەن، ئەویش بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ، یاخود دوای تەواوبونی ماوەی یاسایی ئەنجومەنی کۆمیسیاران کە پێنج ساڵە و دەکرێت بۆ خولی دووەم درێژبکرێتەوە، دەتوانێت متانە بە ئەنجومەنێکی تر ببەخشێت. لە لایەکی تر پێویستە ئەنجومەن راپۆرتی وەرزی ئامادە بکات لە بارەی ئەرکەکانی و پێشکەشی پەرلەمانی بکات ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 13، یەکەم) هەروەها پێویستە ئەنجومەن راپۆرتێکی کۆتای بە وردەکارییەکانەوە دەربکات لە بارەی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنەوە بە هەموو قۆناغەکانییەوە و پێشکەشی پەرلەمانی بکات. ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 13، دووەم .(

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی ملکەچە و بەرپرسیارە بەرامبەر بە پەرلەمانی کوردستان، چونکە لە لایەن پەرلەمانەوە متمانە بە ئەندامانی ئەنجومەن دەبەخشێت و دەکرێت متمانەیان لێوەربگرێتەوە لە کاتی جێبەجێنەکردنی حوکمەکانی یاسایی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و لە هەمان کاتدا کۆمسیۆن بەرپرسیارە لە ئامادەکردن و دەرکردنی راپۆرتی وەرزی و راپۆرتی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان و راپرسیەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان، بە یاسا چەندین ئەرك بۆ ئەنجومەنی کۆمیسیاران دروستکراوە بۆیە لەکاتی جێبەجێنەکردنی ئەو ئەرکانە پەرلەمان دەکرێت لێپرسینەوە لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران بکات، ئەمەش کاریگەری نابێت لەسەر سەربەخۆی کۆمسیۆن، چونگە لەگەڵ لۆژیکی یاسایی ناگونجێت دەزگایەك هەبێت هیچ لایەنێك نەتوانێت چاودێری بێت یاخود لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات. ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، چوارەم.(

**لقی سێیەم**

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی**

بێگومان سەرجەم دەستە سەربەخۆیەکان کۆمەڵێك ئەرکیان لەسەر شانە لە هەمان کاتدا کۆمەلێك دەسەڵاتیان پێدراوە، بۆیە دەمانەوێت لە خوارەوە باسی هەر یەك لە ئەرکەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و دەسەڵاتەکانی بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم: ئەرکەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی**

کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ئەم ئەرکانەی خوراەوە دەبێت جێبەجێ بکات ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 4:(

یەکەم: دانانی بنەماو رێسای کارپێکراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنەکان و راپرسییە گشتییەکان کە لەسەرتاسەری کوردستان – عێراق ئەنجام دەدرێت بۆ زامنکردنی جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی بێگەرد و دادپەروەرانە.

دووەم: سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن و راپرسییەگشتیەکان لە سەرتاسەری کوردستانی عێراقدا.

سێیەم: جاردانی وادەی هەڵبژاردنەکان و راپرسییەگشتیەکان بە گوێرەی یاسا کارپێکراوەکان .

چوارەم: رێکخستن و جێبەجێکردنی هەمو جۆرە هەڵبژاردنەکان و راپرسییەگشتیەکان لە سەرتاسەری کوردستانی عێراق .

پێنچەم: بەرێوەبردنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران و رێکخستن و نوێ کردنەوەی تۆمارەکانیان بۆ مسۆگەرکردنی مافی هەڵبژاردنیان.

شەشەم: تۆمارکردنی لیستەکانی هەڵبژاردن و هاوپەیمانییەکان و پەسەندکردنیان، بە گوێرەی یاسا پەیوەندیدارەکان.

حەوتەم: رێکخستن و جێبەجێکردنی پرۆسەی تۆمارکردنی نوێنەرانی لیستەکانی هەڵبژاردن و چاودێرانی هەڵبژاردن لە رێکخراو و راگەیاندکارە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان و ئەوانی تر.

هەشتەم: رێکخستن و ئەنجامدانی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگی دەنگدەرانی و ئاشکراکردنی ئەنجامەکان لەناو وێستگەکاندا بە مەرجێك کیانەکان هەر یەکەو دانەیەك لە راپۆرتی ژماردن و جیاکردنەوەیان پێ بدرێ .

نۆیەم: ئاشکراکردنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن و راپرسیەکان بە مەرجێك لە (72) حەفتاو دوو کاتژمێر تێپەرنەکات، هەروەها ئەنجامە کۆتاییەکان دوای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی تایبەتمەندەوە پەسەند دەکرێن.

دەیەم: کارکردن بۆ دروست کردنی متمانە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لای گشت توێژەکانی کوردستان و چەسپاندنی رۆشنبیری هەڵبژاردن لە رێی درێژەدان بە پەیوەندی لەگەڵ گشت هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە.

دووەم: دەسەڵاتـەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی

یەکەم: ئەنجوومەنی کۆمیسیاران ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە پیادە دەکات ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 6، یەکەم:(

1-دامەزراندن و نوێکردنەوە و بژاردکردنی تۆماری دەنگدەران لە ڕێی هەموو جۆرە شێوازێکی تازەی بەردەست، لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانیش پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەندا بکەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە.

2-پەسەندکردنی تۆمارکردنی لیستی هەڵبژاردنەکان و هاوپەیمانەتییەکان و پاڵێوراوان بە مەبەستی چوونە ناو هەڵبژاردنەکان و بەشداریکردن تێیدا.

3-متمانەدان بە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان و بریکارانی لیستەکانی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگایی مەدەنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی.

4-یەکلاکردنەوە و بڕیاردان لەو سکاڵاو تانە لێدانانەی لە گشت هەڵبژاردنەکان دەدرێن و بڕیارەکانیشی مایەی تانە لێدانن لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا.

5-پەسەندکردنی ڕێکارەکانی ژماردن و جیاکردنەوە.

6-ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکان دوای پەسەندکردنی لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێمەوە.

7-دانانی پەیڕەو ڕێنماییەکان بۆ پاراستنی بێگەردی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

8-پەسەندکردنی هەیکەلی کارگێری هەڵبژاردن.

9-دامەزراندنی کارمەندانی نوسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان و یەکە کارگێڕیەکاندا.

10- دارشتنی سیاسەتی دارایی کۆمسیۆن.

دووەم : پاڵاوتن بۆ دامەزراندنی پلە باڵاکان لە بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتیەکان لە کۆمسیۆن و نوسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکاندا لە ڕێی پێشنیازکردنی (3) سێ پاڵێوراوەوە دەبێ بە گوێرەی بنەمای دەرفەتی یەکسان ، لیژنەیەکی تایبەت ئەم کارە جێبەجێ دەکات، کە لەلایەن ئەنجوومەن دروستدەکرێ و یەکێك لە پاڵێوراوەکان لەلایەن ئەنجومەنەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ هەڵدەبژێردرێ.

داوکراوی دووەم

پێگەو ڕۆڵی پێکهاتەکان و ئافرەتان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی

لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە پێگە و ڕۆڵی پێکهاتەکان بکەین ( ڕێژەی ئافرەت، پێکهاتەی تورکمان، پێکهاتەی مەسیحی) لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، بەڵام بۆ دەرکەوتنی پێگە و ڕۆڵی ئەم لایەنانەی ئاماژەی پێکراوە لە سەرەتادا بە پێویستی دەزانم باس لە پێکهاتەی کارگێری کۆمسیۆن بکەین، چونکە تاکو باس لە پێکهاتەی کۆمسیۆن نەکرێت پێگەو ڕۆڵی پێکهاتنەکانمان بە نوێنەرایەتی ئافرەتیشەوە بۆ بەدەرناکەوێت.

**لقی یەکەم**

**پێکهاتەی کارگێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی**

بە شێوەیەکی گشتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم پێی دەگوترێت ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، بەشی دووەم پێی دەگوترێت کارگێری هەڵبژاردن، دەمانەوێت بەم شێوەیەی خوارە باسیان بکەین:

یەکەم : ئەنجوومەنی کۆمیسیاران

ئەنجوومەنی کۆمیسیاران: لە (9) نۆ ئەندام پێکدێت، کە لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی هەڵدەبژێردرێن، دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە، کە پەرلەمان پێکیدەهێنێ پێشنیازدەکرێن بە مەرجێك دوو ئەندامی ئەنجوومەن بەلانی کەمەوە یاساناس بن، هەروەها دەبێ نوێنەرایەتی ئافرەتان و پێکهاتەکان مسۆگەر بکرێ و ماوەی کارکردنی ئەنجوومەنەکەش (5) پێنج ساڵی ڕۆژ ژمێرییە ( پەرلەمانی کوردستان، 2014: 5.(

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەری کوردستان میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دیاریکردووە، کە پێشنیارکردنی ئەندامانی ئەنجومەنە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە، کە پەرلەمان پێکهێناوە دەبێت دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بەدەست بێنن، ئینجا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە چۆن پاڵێوراوەکان دەگەن بەو لیژنەیەی پەرلەمان پێکیهێناوە؟ لە ڕاستیدا یاسادانەر ئەوەی باس نەکردووە، کە دەبوایە باسی بکات و میکانیزمەکە دیاریبکات، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ پێشنیارکردنی ستافی یەکەمی ئەنجومەنی کۆمیسیاران، کە ئێستا ئەندامی ئەنجومەنن بەو شێوەیە بوە، کە لیژنە پێکهێنراو لە پەرلەمان دەرگای خۆپاڵاوتن دەکاتەوە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی سیڤی(CV ) ، بۆ ئەم مەبەستە ماوەیەك دیاریدەکات دواتر بە پشتبەستن بە سیڤیەکان و گونجاندنی لەگەڵ مەرجەکانی بون بە ئەندام لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران ئەوانەی مەرجی تەواویان تێدایە دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بەو ڕێژەیەی، کە دانراوە هەڵدەبژێردرێن. هەرچەندە ڕاستییەك هەیە دەبێ بیلێین وەك لە شوێنی تریش باسمان کردووە ئەویش ئەوەیە لە رووی کردەیی و واقعییەوە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای پشکی پارتە سیاسیەکان دروستبوە، بۆیە ئەگەر ژمارەیەکی زۆریش لە پاڵێوراوان سیڤی پێشکەش بکەن، تەنها ئەو پاڵێوراوانە دەنگی داواکراو بەدەست دێنن، کە پێشتر ڕێکەوتنی سیاسیان لەسەر کراوە، ئەمەش بە کەم و کوڕییەك دادەنرێت لە دەقی ئاماژەپێکراو، بۆیە بۆچونی ئێمە پێویستە لەم ڕووەوە یاسادانەر هەڵوێستی روونتر بێت، چونکە ئەم دابەشکردنە بە ئاشکرای کراوە و بونی هەیە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن.

لە لایەکی تر دەبینین یاسادانەر بۆ پێکهاتەی ئەنجومەن چەند مەرجێکی تری دیاریکردووە، بۆ نمونە مەرجی داناوە، کە دەبێت دوو لە ئەندامانی ئەنجومەن یاسایی بن، ئەم مەرجە هەڵوێستێکی ئەرینییە، چونکە یەکێك لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن بریتیە لە دانانی پەیڕەوی تایبەت بە ئەنجومەنی کۆمیسیاران و کارگێری هەڵبژاردن و وەسفی وەزیفی و دانانی پەیرەوەکانی تایبەت بە بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیەکان و دەرکردنی ڕێنمایی، ئەمەش وا پێویست دەکات، کە بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەن یاسایی بن، بەڵام ئەوەی بە تێبینی دەبینرێت ئەوەیە یاسادانەر باسی نەکردووە یاساییەکان ئەزمونیان هەبێت یاخود نەیانبێت ، ئەگەر ئەزمونیان هەبێت لە چ بوارێك بێت، چونکە وا دادەنێین پاڵێوراوێك سەرجەم مەرجەکانی تێدایە بەڵام ئەو ساڵەی دەپاڵێورێت بڕوانامەی زانکۆی لە بواری یاسا بەدەست هێناوە، ئایا ئەمە ئەو مەبەستە دەپێکێت کە یاسادانەر دایناوە؟ لە ڕاستیدا وای بۆ دەچین، کە ئەم مەرجە تەواو نەکراوە بەڵکو دەبوایە یاسادانەر بۆ نمونە بە لایەنی کەمەوە ئەزمونی وەك تەواوکاری ئەو مەرجە دانابوایە، چونکە کەسێك ئەزمونی نەبێت لە بواری یاسایی ناتوانێت ئەو خزمەتە پێشکەش بکات کە یاسادانەر مەبەستیەتی، ئەزمون بە مەرج دانراوە بۆ وەرگرتنی فەرمانبەرێتیە سادەکانیش، بۆ نمونە کەسێك نابێت بە کاندید لە خوێندنی باڵا ئەگەر دوو ساڵی بەسەر دەرچونی لە کۆلێژ تێپەر نەکردبوێت، بۆیە پێشنیار دەکەین دەقەکە هەموار بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ( دوو لە پاڵێوراوەکان هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بن لە بواری

یاسا ، پێنج ساڵ ئەزموونیان هەبێت لە خزمەتی دادوەری یاخود زانکۆی یاخود فەرمانبەرێتی یاسایی.(

دواتر ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین یاسادانەر بونی ئافرەتی بە مەرج داناوە، بەڵام ڕێژەکەی دیاری نەکردووە، ئەمەش وایکردووە ئافرەت بونی هەبێت بۆ نمونە یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەن ئافرەتە، کە لە هەمان کاتدا بووەتە سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن، واتە گەورەترین دەزگای کارگێڕی لە ئەنجومەن بەڕێوەدەبات کە سەرۆکایەتی (11) بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناو کۆمسیۆن دەکات. بەڵام ئایا ئەم ڕێژەیە گونجاوە بە بەراورد لەگەل دام دەزگاکانی تر بۆ نمونە بە بەراورد لەگەل دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و دامودەزگاکانی سەر بەم دەستەڵاتانە؟ بە بڕوای ئێمە بونی نوێنەرایەتی ئافرەت پێویستە بە ڕێژە دیاریبکرێت لە ئەنجومەن هەرچەندە بە گشتی دەمانەوێت ئەم گفتوگۆیە بە جێبێلین بۆ باسکردنی نوێنەرایەتی ئافرەت لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ، بۆ ئەم مەبەستە لقێکی دیاریکراوی بۆ تەرخاندەکەین. دەربارەی ئەوەی پەیوەندیدارە بە بونی پێکهاتەکان، یاسادانەر لە پێکهاتەی ئەنجومەن کردوویەتی بە مەرج، بەڵام دیارینەکردووە کام پێکهاتە دەبێت لە کۆمسیۆن هەبێت، ئایا ئەو پێکهاتانەی ئێستا بونیان هەیە ( تورکمان و مەسیحی) نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکان دەکەن؟ لە هەمان کاتدا میکانیزمی دیاریکردنی کاندیدەکانیش دیارینەکراوە لە نێو پێکهاتەکان ، ئایا پێکهاتەکان تا چەند ڕەزامەندن بە بونی ئەو بەرێزانەی ئێستا نوێنەرایەتی پێکهاتەکان دەکەن لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران. بەڵام وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد لە شوێنی خۆی باسی دەکەین.

مەرجەکانی بوون بە ئەندام لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران

ئەوەی بۆ ئەنجوومەن هەڵدەبژێردرێ دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 5، یەکەم، 2 :(

أ- هاوڵاتی کوردستان - عێراق بێ و بەبەردەوامی تێیدا نیشتەجێ بێت.

ب- بەلانی کەمەوە دەبێت خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێ.

ت- تەمەنی لە (30) سی ساڵ کەمتر نەبێ.

پ- خاوەن ئەزموون بێت و توانا و بەدەست پاك بێت و بێلایەنی سەلمێندراو بێ.

ج-خاوەن ڕەفتارو ڕابردوویەکی چاك بێت و بە تاوانێکی ئابرووبەر حوکم نەدرابێت .

ح-بەشداری نەکردبێ لە و تاوانانەی کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە پلانی بۆ دارێژراو بێت یان ئەنجام درابێ بۆ سەرکوتکردنی گەلی کوردستان و گشت گەلانی عێراق ، هەروەها بەعسی نە بوبێت بە گوێرەی یاسایی ژمارە (18) ی ساڵی 2003 .

خ-ئینتیمای بۆ هیچ پارتێکی سیاسی نەبێ لەکاتی ئەندامیەتیدا لە ئەنجوومەن.

دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەنجومەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی دەبێت بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی کاروبارەکانی کارگێری ئەنجومەن ( ئەنجومەنی کۆمیسیاران، 2015، 11 (

خشتەی ژمارە ( 1) پێکهاتەی ئەنجومەنی کۆمیسیاران

| کۆمیسار | بەڕێوەبەرایەتی گشتی | نوسینگەکانی کۆمیسیاران | بەشەکان | هۆبەکان |
|---|---|---|---|---|
| 9 | 1 | 9 | 2 | 9 |

دووەم : کارگێری هەڵبژاردن:

کارگێری هەڵبژاردن پێکدێ لە نوسینگەی گشتی و نوسینگەی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان و نوسینگەکانی ناو ئۆفیسی نیشتمانی و یەکە کارگێرییەکان بە گوێرەی ئەو هەیکەلەی لەلایەن کارگێری هەڵبژاردنەوە پێشنیازکراوە و لەلایەن ئەنجوومەنەوە پەسەندکراوە، کارگێری هەڵبژاردن بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەو پەیرەوە و ڕێنماییانە دەگرێتە ئەستۆ، کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە دەرچون، هەروەها بەڕێوەبردنی گشت ئەو چالاکیانەی، کە مۆرکی پرۆسەگیری و جێبەجێکاری یا ڕێکاریان هەیە. ( پەرلەمانی کوردستان، 5، دووەم)، ئەگەر بە داتا بیانخەینەڕوو بۆمان دەردەکەوێت، کە کارگێری هەڵبژاردن لە ڕوو پێکهاتەیەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێت.

خشتەی ژمارە ( 2) پەیکەری کارگێری هەڵبژاردن

| ژ | ناوی فەرمانگە | ژمارە |
|---|---|---|
| 1 | فەرمانگەی گشتی پارێزگاکان | 4 |
| 2 | بەڕێوەبەرانی گشتی وەك جێگری سەرۆکی کارگێری هەڵبژاردن | 2 |
| 3 | فەرمانگەی گشتی ئۆفیسی نیشتمانی | 5 |
| 4 | بەشەکانی سەر بە کارگێری هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ | 4 |
| 5 | هۆبەکانی سەربە بەشەکانی سەر بە کارگێری هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ | 10 |
| 6 | بەشەکانی سەر بە فەرمانگەی گشتی پارێزگاکان | 8 |
| 7 | هۆبەکانی سەر بە بەشەکانی فەرمانگەی گشتی پارێزگاکان | 40 |
| 8 | بەشەکانی سەربە فەرمانگە گشتییەکانی ئۆفیسی نیشتمانی | 17 |
| 9 | هۆبەکانی بەشەکانی سەربە فەرمانگە گشتییەکانی ئۆفیسی نیشتمانی | 50 |
| 10 | سکرتێرەکانی بەڕێوەبەرانی گشتی لە فەرمانگەی گشتی پارێزگاکان | 4 |
| 11 | سکرتێرەکانی بەڕێوەبەرانی گشتی لە فەرمانگەی گشتی ئۆفیسی نیشتمانی | 0 |
| 12 | یاریدەدەرەکانی بەڕێوەبەری گشتی نوسینگەکانی پارێزگاکان | 4 |
| 13 | فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی | 532 |

## لقی دووەم

## ڕۆڵی پێکهاتەکان و ئافرەتان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

بەمەبەستی دەرخستنی ڕۆڵی پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان بە پێویست دەزانم داتای پەیوەست بە ئافرەتان لە لایەك و پێکهاتەکان لە لایەکی ترەوە بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی بزانین ئەو ڕێژەیە گونجاوە بۆ دروستکردنی پێگەی مرۆی ئافرەتان و پێکهاتەکان، تاکو بتوانن لە یەکە کارگێرییە جیاوازەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ڕۆڵی خۆیان ببینن، بە واتایەکی تر گرنگە بلێین ئایا ئەو ڕێژەیەی، کە بونی هەیە لە کۆمسیۆن دەربارەی پێکهاتەکان و ئافرەتان ڕۆل دەبینێت لە کاریگەریان؟ یاخود ڕۆڵی نییە ئەگەر ڕێژەکە وەك خۆی بێت یاخود زیاتر بێت ڕۆڵەکە هەمان ڕۆل دەبێت؟ بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا داتای پەیوەست بە نوێنەرایەتی ئافرەتان دەخەینە ڕوو دواتر داتای پەیوەست بە پێکهاتەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: نوێنەرایەتی ئافرەتان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی ئافرەتان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بە پێویستی دەزانم بە خستنەڕووی داتاوە بەراوردێك بکەین لە نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتان بۆ ئەوەی بۆمان دەربکەوێت، تا چەند نوێنەرایەتی ئافرەتان لە ڕووی چەندێتی و چونایەتییەوە لە جێگەی ئەرێنی دەبێت بۆ پشتراستکردنەوەی ڕۆڵی ئافرەت بە پێویست دەزانین بۆچونی هەندێ کەس و لایەنیش وەربگرین بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە ( 3) نوێنەرایەتی ئافرەتان

ناونیشانی فەرمانبەر کۆی گشتی پیاو ئافرەت %پیاو %ئافرەت
هەڵسەنگاندن
کۆمیسار 9 8 1 88.89 11.11 خراپ
بەرێوەبەری گشتی 01212 100 0 زۆر خراپ
یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی4 4 0 100 0 زۆر خراپ
سەرۆك بەش 03232 100 0 زۆر خراپ
بەرێوەبەری هۆبە106 82.071987 17.92 باش
فەرمانبەر 532 375 157 70.48 29.51 زۆر باش

به پشتبەستن بەو داتایانەی خستمانە ڕوو بۆمان دەرکەوت ڕێژەی ئافرەت لە یەکە کارگێرییە جیاوازییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن زۆر کەمە و گوزارشت لە نوێنەرایەتی ئافرەتان، ناکات کە یاسادانەر مەبەستیەتی، تەنها لە ژمارەی فەرمانبەران نەبێت، کە تارادەیەك لەیەکتری نزیك بون، ئینجا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا بۆچی ڕێژەی ئافرەت کەمە؟ هۆکارەکەی بۆ ئافرەتان دەگەرێتەوە کە ئارەزوو ناکەن لە دامەزراوەیەکی وەك کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کار بکەن؟ یاخود پارتە سیاسیەکان و پێکهاتەکان زیاتر جەختیان لەسەر ڕەگەزی نێر کردووە وەك نوێنەری خۆیان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، یاخود سروشتی کاری کۆمسیۆنی هەڵبژاردن زیاتر ئەوە دەخوازێت، کە پشت بە ڕەگەزی پیاو ببەسترێت نەك ئافرەت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بە پێویستمان زانی بۆچونی پارتە سیاسیەکان و ژمارەیەك کۆمیسار و سەرۆکی کارگێری هەلبژارن و هەندێ لە ئافرەتان وەربگرم دەربارەی ئەو پرسە.

سەرەتا د. عبدالعزیز ( 2019) لە سیمینارێکی لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن رەخنە لەوە دەگرێت، کە ژمارەی ئافرەت وەك سەرۆك بەش لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن نییە، وە ئاماژە بە ئەزمونی خۆی دەکات لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وای بۆ دەچێت، دەبێت دەرفەت برەخسێنرێت بۆ ئافرەتان، تاکو لە تەك پیاو بەشداری لە دامەزراوەکان بکەن، بۆ پاڵپشتیکردن و بەرژەوەندی ئافرەت چەندین ڕێنمای دەرکراوە، ئاماژەی بەوەکرد، کە وەزارەتی خوێندنی باڵا سیستەمی هاوسەفەری زیندوو کردەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە ناویان لە وڵاتانی دەرەوە دەرچوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی بالا ( ماستەر یاخود دکتورا)، بۆ ئەوەی کاندیدانی ئافرەت هانبدات سود لە خوێندن وەربگرن رەزامەندیان داوە هاوسەرانیان لەگەڵیان سەفەری دەرەوە بکەن، پێیوایە مەح نییە سەرجەم ئەو ئافرەتانەی ئەم سیتەمە دەیانگرێتەوە جێگەی ئەو ئامانجە بن، کە مەبەستیانە، بەڵکو دەکرێت ژمارەیەکی بەرچاو پێبگەیەنرێن.

بەرێز ( حسن 2019) ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیاران و جێگری سەرۆك لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم دەربارەی ڕێژەی ئافرەت پێیوایە، کە ڕێژەکەیان زۆرە وەك فەرمانبەر، بە بروای بەرێزیان بەجێگەیاندنی کاری وەزیفی لە کۆمسیۆن لەگەڵ سروشتی کارکردنی ئافرەتان ناگونجێت ئەزمونەکان ئەو راستییە پشتراست دەکەنەوە مەبەست پرۆسەی ڕاپرسی و هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانە ( 2018/9/30)، چونکە لەو کاتانە فەرمانبەران بە گشتی لە نێوان ( 18 بۆ 20) کاتژمێر دەوام دەکەن ئەمەش بۆ فەرمانبەری ئافرەت کاتێکی زۆرە بە تایبەت ئەوانەی خاوەن خێزانن، هۆکاری کەمی ئافرەتان لە بەرپرسیاریەتی یەکە کارگێرییەکان بۆ هۆکاری هاوبەش دەگەڕێنێتەوە وەك سروشتی کاری کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و لایەنی کۆمەلایەتی و خێزانی و سروشتی ئافرەتان و بیروبۆچونی لایەنە سیاسیەکانیش، کە نوێنەرانیان لە دامەزراوەکە هەیە، بەرێز ( سلیمان مستەفا) پێیوایە ئەگەر بژاردە لە دەستی فەرمانبەری ئافرەت بوایە دلنیام زۆرینەیان دامەزراوەی تریان هەڵدەبژارد نەك دامەزراوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، چونکە هەندێ لە ئافرەتان، کە لە هۆبەکانی مەیدانی و لۆجستین بەهۆی گرانی کاری وەزیفی هۆبەکان داوا دەکەن بگوازرێنەوە ئەو هۆبانەی، کە زیاتر کاری وەزیفی نوسراویان تێدا ئەنجام دەدرێت.

هەروەها بەرێز ( د. ریزان حمە رەشید) ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیاران و سەرۆکی کارگێری هەڵبژاردن، کە خۆی ئافرەتە هۆکاری کەمی ئافرەت بە تایبەت وەك سەرۆکی بەش بۆ سروشتی ئافرەت و سروشتی کاری وەزیفی لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دەگەرێنێتەوە بە گشتی لەگەل بونی ئافرەت نییە لەو دامەزراوەیە، بەرێزیان پێیوایە روحی وەزیفە دامەزراوەکە بریتیە لە بەرێوەبردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئەم ئەرکە ئەرکێکی گرانە و پێویستی بە توانای زۆر و خۆتەرخانکردنی زۆر و مانەوە و کاتی زۆر هەیە، فەرمانبەری ئافرەت بەهۆی ئەرکی کۆمەلایەتی خێزانی و سروشتی پێکهاتەی جەستەی خۆیەوە ناتوانێت وەك فەرمانبەری پیاو بەرگە بگرێت لە ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی .

ئەو بۆچونەی دژی کۆتایە بۆ ئافرەتان پێیانوایە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی بۆ کۆتا بەرپرسیاریەتی وەردەگرن، لە بواری کاری سیاسی و ئافرەتان خاوەن لێهاتووی و تواناییەکی بەهێز نین، دەبێتە جۆرێك لە جیاکاری لە نێوان پیاو وە ئافرەت، لە هەمان کاتدا پێشێلی بنەمای یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت دەکات بەهۆی بێبەشکردنی پیاو لەو کورسیانەی بەدەستیان هێناوە لە شوێنی ئەوان بە پشتبەستن بە سیتەمی کۆتا ئافرەت دادەنرێت. ( مصگفی، 2018، ص 88(

ئێمە بۆچونمان وایە، کە بونی ئافرەت پێویستە و گرنگە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، ئافرەتان بە گوێرەی ئەو داتایانەی خراونەتەڕوو ڕێژەیەکی گونجاویان لە دامەزراوەکە هەیە، تا ڕادیەك نزیك و یەکسانە لە ڕێژەی فەرمانبەری پیاو، بەڵام لەسەر ئاستی ئەنجومەنی کۆمیسارن و کارگێری هەڵبژاردن ( مەبەست بەرێوەبەری گشتی و یاریدەدەرانی بەرێوەبەری گشتی و سەرۆك بەشەکان و بەرێوەبەری هۆبەکان ژمارەی ئافرەت کەمە و وەك پێویست نییە، بۆ مانەوە و بەهێزکردنی پێگەی ئافرەت هەم لەسەر ئاستی بەرپرسیاریەتی یەکە کارگێرییەکان پێویستە کاری وەزیفی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دابەش بکرێت بۆ دوو جۆر، جۆری یەکەم ئەو یەکە کارگێریانەی کە زیاتر کارەکانیان کارگێری و داراییە دەکرێت بەرپرسیاریەتی بسپێردرێت بە ئافرەتان، بۆ نمونە بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان و بەرێوەبەرایەتی گشتی کارگێری کارەکانیان زیاتر پەیوەندی بە لایەنی کارگێرییەوە هەیە، دەکرێت بەرێوەبەری گشتی ئەم یەکە کارگێریانە ئافرەت بێت، هەروەها بەرێوەبەرایەتی گشتی دارایی هەیە کاری وەزیفی لایەنی داراییە بە هەمان شێوە بەرێوەبەرە گشتیەکەی دەکرێت ئافرەت بێت، بە هەمان شێوە دەربارەی یەکە کارگێرییەکانی وەك بەش و هۆبەکان، ئەوانەی، کە کاری وەزیفیان کارگێرییە دەکرێت ئافرەتان بەرپرسیاریەتەکە وەربگرن، بۆ نمونە سەرۆك بەشی یاسایی دەکرێت ئافرەتێکی یاساناس بەرێوەی ببیات، بەڵام جۆری دووەمیان بریتین لەو یەکە کارگێریانەی کە سروشتی کاری وەزیفیان زیاتر کاری مەیدانی و لۆجستیە، جێبەجێکردنی روحی هەڵبژاردنە و ماندوبونی زۆری تێدایە دەکرێت بەرپرسیاریەتیەکەی لە لایەن فەرمانبەری پیاوەوە بەرێوە ببردرێت، وەك بەرێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی پارێزگاکان لە چوار پارێزگاکەی هەرێم، کە جێبەجێکاری کردارەکی پرۆسەی هەڵبژاردنن و بەرێوەبەرایەتی گشتی کردارەکان و بەرێوەبەرایەتی گشتی داتاکان لە ئۆفیسی نیشتمانی. لەگەل ئەوەشدا هەندێ لە فەرمانبەری ئافرەت لە پرسەکانی راپرسی و هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە یەکە کارگێرییە هونەرییەکان زۆر بە سەرکەوتوی ئەرکەکانی خۆیان بە

جێگەیاندووە، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین ژمارەیەك ئافرەت کە بەشداری بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ( 2018/9/30) یان کردبوو گرێبەستیان لەگەڵ کرابوو بە هۆی گرانی سروشتی کارەکان و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان و مانەوەی زۆر شوێنی کارکردنیان بەجێهێشت و ئامادە نەبون تاکو کۆتایی بێننەوە .

دووەم: نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی

بە گوێرەی یاسایی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن پێکهاتەکان دەبێت نوێنەرایەتیان هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕووی کردارەکییەوە هەوڵدراوە لە ئاستی باڵاوە، تاکو ئاستی فەرمانبەران پێکهاتەکان پێگەیان هەبێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە کام لە پێکهاتەکان لە کۆمسیۆن نوێنەرایەتی دەکەن؟ ئایا نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکان دەکرێت یاخود نوێنەرایەتی چەند پێکهاتەیەك دەکرێت؟ لە ڕاستیدا تەنها پێکهاتەکانی تورکمان و مەسیحی پێگە و شوێنیان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەیە، نەك سەرجەمیان، ئەم پێکهاتانە لە ڕووی داواکاری یاسادانەری کوردستانی نوێنەرایەتی پێکهاتەکان دەکەن، چونکە یاسادانەر ئاماژەی بە ناوی پێکهاتەکان نەکردووە وەك لە یاساکانی هەڵبژاردن ناویان هاتووە ڕێژەیان بۆ دانراوە، لە لایەکی تر کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دامەزراوەیەکی زۆر گەورە نییە تاکو لە ئەنجومەنێك شوێنی سەرجەم پێکهاتەکان کرابوایەوە، بەڵام دەکرا لەسەر ئاستی سەرۆکی بەش، یاخود بەڕێوەبەری هۆبە بە لایەنی کەمەوە لەسەر ئاستی فەرمانبەر پێکهاتەکانی تریش وەك ئێزدی و شەبەك نوێنەرایەتیان هەبوایە. لەوەی پەیوەندی بە پێکهاتەی تورکمان و مەسیحیەوە هەیە دەمانەوێت گفتوگۆیان لەربارەیەوە بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- پێکهاتەی تورکمان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی

تورکمان دووەمین نەتەوەیە لە کوردستان و سێ یەم نەتەوەیە لە عێراق، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکیەکانی نەسیج و پێکهاتەی نەتەوەکانی کوردستان. هەمیشە ڕەگەزی ئارامی و پێکەوە ژیان و یەکتر قەبولکردن بووە، وەکو برا کورد و کریستیانەکان لە دەست ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق توشی نەهامەتی و قرکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بوون، دوای ڕاپەرینە شکۆدارەکەی سەرتاسەری کوردستانی سالی 1991 تورکمان هەستی بە ئارامی و ئازادی کردوە، لەژێر سایەی ئەو دیموکراتییەی، کە فەرمانڕەوایی کوردستان بەڕێوەیدەبات بوەتە خاوەن ژیانێکی بێ جیاکاری و هاوسەنگ و هاوشێوە لە ڕووی لایەنی کۆمەلایەتی و سیاسیەوە.

وەك چوارچێوەیەکی یاسایی لە یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە مادە (5) دوپات لەوەکراوەتەوە، کە دەبێت نوێنەرایەتی پێکهاتەکان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە نەك تەنیا لەسەر ئاستی ئەنجومەنی کۆمیسیاران، ( کە کۆمیسارێك لە پێکهاتەی تورکمان دانراوە) بەڵکو لەسەر ئاستی سەرۆك بەش و بەڕێوەبەری هۆبە و فەرمانبەر. لە سەرەتای دەست بەکاربونی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەڕێز ( سیاح کوردەچی) وەك گەورەترین ئەندامی ئەنجومەن، کە لە پێکهاتەی تورکمانە یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەڕێوەبرد، کە تییایدا سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و سەرۆکی کارگێری هەڵبژاردن و وتەبێژی ئەنجومەن و بریاردەرەکەی هەڵبژێردران.

کاتێك دانانی پەیکەری کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و دیاریکردنی پشکی پێکهاتەکان لە کارگێری هەڵبژاردن و دامەزراندنی فەرمانبەران، دوای چەندەها کۆبونەوەو گفتوگۆ سێ بۆچون هەبوو، بۆچونێك پشکی پێکهاتەکانیان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لا پەسەند نەبوو بە زیادیان دەزانی پێداگیریان لەو بۆچونە بوە هۆی ئەوەی چەند جارێك نوێنەری پێکهاتەی تورکمان لە ئەنجومەنی کۆمیسیاران بایکۆتی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بکات، بۆچونێکی تر لەگەڵ سنورداردکردنی پشکی پێکهاتەکان بوو، بەڵام بۆچونی سێیەم، کە سەری گرت و جێبەجێکرا لەگەڵ ئەوەبوو بە گوێرەی پێگەیان لە دامەزرازاوەکانی تری وەك پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بە گوێرەی ئیستحقاق خۆیان پشکیان بۆ دیارییکرێت، لە کۆتایدا پشکی پێکهاتەی تورکمان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکرا :

خشتەی ژمارە (4) پێکهاتەی تورکمان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن

کۆمیسار بەڕێوەبەری گشتی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی سەرۆك بەش

بەڕێوەبەری هۆبە فەرمانبەر هەلسەنگاندن

سەرجەم 9 412 10632 532

پێکهاتەی تورکمان 1 0 0 1 3 12

ڕێژە لە سەد 11.11 0 0 3.12 2.83 2.25

لە ڕاستیدا تاکو ئێستا دامەزراوەیەکی پەیوەست بە تورکمانەکان نییە و نەتوانراوە دروست بکرێت بۆ ئەوەی سەرجەم تورکمانەکان لە ژێر چەتر و سێبەریدا کۆببنەوە و ببن بە یەك دەنگ و یەکگرتوو بن، ئەمەش لەسەر دامەزراوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ڕەنگیداوەتەوە، چونکە نەتوانراوە میکانیزمێکی گونجاو دابنرێت و هەمویان لەسەری بسازێن بۆ دیاریکردنی نوێنەری خۆیان، بۆیە هەندێ لە تورکمانەکان پێیانوایە ئەو ئەندامەی ئەنجومەن لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن گوزارشت لە سەرجەم تورکمانەکان ناکات، بەڵکو تەنیا گوزارشت لە بەشێکیان دەکات، بەڵام لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەوڵدراوە نوێنەری لایەنە جیاوازەکانی تورکمان دابنرێت ئەگەر بە ڕێژەی کەم و لەسەر ئاستی بەڕێوەبەری هۆبە یاخود فەرمانبەر بێت، لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە میکانیزمی دامەزراندنی فەرمانبەرانی پێکهاتەی تورکمان وەك میکانیزمی دامەزراندنی فەرمانبەران لە لایەن لایەنەکانی ترەوە بوە ( جگە لە کۆمیسار لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت بە گوێرەی یاسایی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن) زیاتر تیشك خراوەتە سەر چەند لایەنێکی پێکهاتەی تورکمان نەك هەموویان. ئەوانیش وەك ئەندامانی پەرلەمان و پارتە تورکمانییەکان و کۆمەڵەو کەسایەتییە دیارەکانی تورکمان داوایان لێکراوە بە پێی شارەزایی و لێهاتوی پالێوراوان بەرزبکەنەوە لە ڕیگای لێژنەی تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتن دواتر دامەزراون، بەڵام لە ئەنجامدا نوێنەرایەتی پێکهاتەی تورکمان بونی هەیە. ئەوانەی دامەزراون تورکمانن و هەریەکیان نوێنەرایەتی بەشێکی تورکمان دەکات هیچ پارت ولایەنێك و کۆمەڵەیەك و کەسایەتییەك بە تەنیا نوێنەرایەتی هەموو تورکمان نییە بەڵکو بە هەموشیان پێکەوە نوێنەری هەموو تورکمان نین، لە لایەکی تر لایەنی کردەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن ئەوەیە، کە دامەزراوەیەکی سەبەخۆی بێلایەنی کوردستانییە واتە هەموومان بەیەکەوە نوێنەرایەتی گشت پێکهاتەی خەڵکی کوردستان دەکەن بەبێ جیاوازی.

دەربارەی ڕۆڵی پێکهاتەی تورکمان، بێگومان لەسەر ئاستی ئەنجومەنی کۆمیسیاران جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاستی کارگێری هەڵبژارد، لە سەر ئاستی ئەنجومەن بەهۆی هەبونی کۆمیسارێك دەتوان ڕۆڵی خۆیان ببینن بە تایبەت بە گوێرەی یاسایی هەڵبژاردن و پەیرەوی تایبەت بە ئەنجومەن نوێنەری پێکهاتەی تورکمان وەك سەرجەم ئەندامانی تر ڕۆڵی خۆی دەبینێت و دەستەلاتەکانی خۆی پیادە دەکات و بەشداری سەرجەم دانیشتنەکان دەکات، بڕیارەکان بە پێی یاساو

ڕێنماییەکان دەردەچن دوای گفتوگۆو ڕاگورینەوە دواتر پرۆسەی دەنگدان بەرێوەدەچێت و زۆرینە بڕیارەکان یەکلای دەکاتەوە، کاریگەری پێکهاتەی تورکمان بە شێوەیەکە زۆربەی بڕیارەکان نوێنەری پێکهاتەی تورکمان یەکلای دەکاتەوە. بەڵام لەسەر ئاستی کارگێری هەڵبژاردن ڕۆڵەکە جیاوازە، لە ڕووی کارگێرییەوە وەك هەر فەرمانبەرێکی ئاسایي نوێنەرانی پێکهاتەی تورکمان ڕۆڵی خۆیان بە ئەرێنییەوە دەگێرن، بەڵام بەهۆی نەبونی بەڕێوەبەری گشتی وەك پێکهاتەی تورکمان ڕۆڵی ئەم پێکهاتەیە ئاستێکی مام ناوەندی وەرگرتوە .

2-پێکهاتەی کلدان سریان ئاشوری لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی

کلدان سریان ئاشوری پێکهاتەیەکی تری کوردستانن، ئەم پێکهاتەیە بونیان لە کوردستان بۆ رابردوویێکی مێژووی دوور دەگەرێتەوە، لە کوردستان لە چەند ناوچەیەك بە ژمارەیەکی گونجاو ژیان بەسەر دەبەن وەك شارۆچکەی کۆیە، شارەدێی دیانا، ناحیەی عینکاوە، وەك هاوڵاتیەکی کوردستانی توانیویانە پیادەی سەرجەم ئەو مافانە بکەن، کە هەر هاوڵاتیەکی تری کوردستانی پیادەیان کردووە، لە هەمان کاتدا ئەرکەکانیان جێبەجێکردووە، ژمارەیەکی بەرچاویان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك فەرمانبەر لە فەرمانبەرێکی ئاساییەوە تاوەکو ئاستی وەزیر فەرمانبەرێتی خۆیان جێبەجێکردووە، لە هەمان کاتدا لەو دامودەزگایانەی بە یاسا پێگەیان بۆ دیاریکراوە بە گوێرەی پشکی خۆیان ڕۆڵی خۆیان بینیوە.

خشتەی ژمارە (5) پێکهاتەی کلدان سریان ئاشور لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن

کۆمیسار بەرێوەبەری گشتی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی سەرۆك بەش

بەرێوەبەری هۆبە فەرمانبەر هەلسەنگاندن

سەرجەم 9 412 10632 532

پێکهاتەی کلدان و سریان و ئاشوری1 0 0 1 3 12

ڕێژە لە سەد 11.11 0 0 3.12 2.83 2.25

بە گوێرەی یاسایي کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەروەك لە باسی پێکهاتەی تورکمان ئاماژەمان پێیکرد بونی پێکهاتەی کلدان و سریان و ئاشوری جێگەی بۆ کراوەتەوە ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 5، یەکەم، 1)، هەرچەندە بە ناو ئاماژەی پێنەکراوە بەڵام بە پشتبەستن بە مادەی (36) لە یاسایي هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) بۆ سالی (1992) بەپشتبەستن بە یاسایي هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (45) بۆ ساڵی (2013) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی (کلدان و سریان و ئاشوری) و تورکمان دوو لەو پێکهاتانەن، کە زۆرترین کورسی پەرلەمانیان بۆ دانراوە، بۆیە لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە پێشی پێکهاتەکانی تر دانراون.

بە گوێرەی یاسایي کۆمسیۆنی هەڵبژاردن میکانیزمی دامەزراندنی فەرمانبەران لە پشکی کلدان سریان ئاشوری وەك دامەزراندنی هەر فەرمانبەرێکی تر بووە، کە ئاماژەی بەوەکردووە لە پێکهاتەی کۆمسیۆندا هاوسەنگی لە نوێنەرایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکاندا مسۆگەر دەکرێت ( پەرلەمانی کوردستان، 2014، 18)، لە ڕووی واقعی و کردەییەوە ئەم هاوسەنگییە هاتۆتە دی.

بەرێز د. حنا (2015) کە ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانە لەسەر پشکی پێکهاتەی کلدان سریان ئاشوری، پێیوایە تا ڕادەیەکی باش ئەو فەرمانبەرانەی لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لەسەر پشکی ئەم پێکهاتەیە دامەزراون سەر بەم پێکهاتەن و گوزارشت لەم پێکهاتەیە دەکەن ، نوێنەرایەتی ئەم پێکهاتەیە دەکەن، هەبونی کاریگەری فەرمانبەرانی سەر بەم پێکهاتەیە لە دەرکردنی بڕیارەکان بە پێی شوێنی کارکردنی ئەو فەرمانبەرانە دەبێت، بۆیە هەر فەرمانبەرێك لەم پێکهاتەیە بە پێی پێگەی خۆی کاریگەری دەبێت لەسەر دەرکردنی بڕیارەکان، بۆ نمونە لە سەر ئاستی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ئەو کۆمیسیارەی، کە نوێنەرایەتی ئەم پێکهاتەیە دەکات ئازادە لە پیادەکردنی دەستەڵاتی خۆی بە پێی یاسا، هەندێ جار کۆك بووە لەگەل پرۆژەی بڕیارەکان و هەندێ جار دژ بوە و هەندێ جاریش پارێزبەندی نوسیوە و وەڵامی ئەرێنی لەسەر پارێزبەندییەکە هەبوە، کاتێك تەنیا بە پارێزبەندی نەوەستاوە بەڵکو یاداشتی ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، بۆ نمونە ئەنجومەنی کۆمیسیاران بڕیارێکی دەرکرد، کە بەگوێرەیەوە دەبێت وێنەی هەر دەنگدەرێك بگیرێت، بەرێز نوێنەری پێکهاتەی کلدان سریان ئاشوری دژی بڕیارەکە پارێزبەندی نوسی، دواتر یاداشتی ئاراستەی دەستەی مافی مرۆڤ و نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان لە هەرێمی کوردستان کردوو، ئەم بڕیارەی بە پێشێلکردنی ئازادی کەسی دەنگدەر وێنەکرد و لە ئەنجامی درووست بونی نارەزای زۆر لەسەر ئەم بڕیارە بوە هۆی ئەوەی تانەی لێبدرێت لە دەستەی دادوەری و دواتر ڕەتکردنەوەی. ( ئەنجومەنی کۆمیسیاران، 2018، 51، دووەم، 1.(

دەربارەی ڕۆڵی ئەم پێکهاتەیە لەسەر ئاستی کارگێری هەڵبژاردن بەرێز ( د. نهرۆ ) پێیوایە ئەم ڕۆڵە بە پێی بەرکەوتەی ئەو پۆستەیە، کە وەریگرتووە، بە گشتی پێیوایە ڕۆڵی ئەم پێکهاتەیە ڕۆڵێکی مام ناوەندییە، چونکە ئەم پێکهاتەیە پۆستی باڵای وەرنەگرتووە وەك بەڕێوەبەری گشتی بەڵکو یەك بەرپرسیاریەتی بەشی وەرگرتووە لەگەل سێ بەرێوەبەری هۆبە، بەڵام فەرمانبەرانی ئەم پێکهاتەیە ڕۆلیان تەواوکاری فەرمانبەرانی ترە، کە بە گشتی سیاسەتی گشتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن جێبەجێدەکەن. دەرباەی پێگەی ئەم پێکهاتەیە بەرێزیان پێیوایە پێگەکەیان بەهێز نییە بەڵام لاوازیش نییە، بۆیە بە گوێرەی ئەو ئامانجەی یاسادانەری کوردستانی لە یاسایي کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دایناوە، تا رادەیەکی زۆر هاوسەنگی پێکهاتەکان پارێزراو بوە بە گوێرەی ئەو هاوسەنگییە و پشکی ئەم پێکهاتەیە پێگەکەیان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن پێگەیەکی مام ناوندییە.

ڕاسپاردەکان:

1- پێکهێنانی دەستەڵاتێك لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی سەرەکی بە ناوی دەستەڵاتە سەربەخۆکان لە تەك دەستەڵاتەکانی ( یاسادان و جێبەجێکردن و دادوەری)، ئەنجومەنێك پێکهێنرێت بۆ بەرێوەبردنی دامەزراوەکە بە ئەندامێتی سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، سەرۆکی دەستەڵاتەکە لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنەکە هەڵبژێردرێت بە خول یاخود هەڵبژێردرێت لە دەرەوەی دەستە سەربەخۆکان.

2- ڕێژەی پێکهاتەکان و نوێنەرایەتی ئافرەتان لە دەقە دەستوریەکان دیاریبکرێت.

3- هەموارکردنەوەی مادەی ( 5، یەکەم، 1) لە یاسایي ژمارە (4) ی سالی (2018) ی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- زیادرکردنی ئەو برگەیە ( ئەزمونی پێنج ساڵ لە خزمەتی زانکۆی، دادوەری، یاسایي)کاتێ باسی ئەوە دەکات دەبێت دوو ئەندامی ئەنجومەن یاسایي بن.

ب-ڕێژەی پێکهاتەکان دیاریبکرێت وەك ئەوەی لە یاسایي ژمارە (1) ی ساڵی (1992) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دیاریکراوە

ت-ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتان وەك پێکهاتەکان دیاری بکرێت هەروەك لە خالی (ب) ئاماژەمان پێیکرد .

4- پێویستە ڕێژەی ئافرەت دیارییکرێت لە بەرپرسیاریەتی یەکە کارگێرییەکان و دەرفەتی زیاتریان پێبدرێت.

5- لەسەر ئاستی یەکە کارگێرییەکان وەك بەش و هۆبە، لەسەر ئاستی فەرمانبەران پێشنیار دەکەین پێکهاتەکانی تری ( ئێزدی، شەبەك، کاکەی، ئەرمەندی ) پشکیان بۆ دابنرێت و شوێنیان بۆ بکرێتەوە.


**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: کتێبەکان**

د. الباز، د.( 2006) حق المشارکه فی الحیاه السیاسیه، الاسکندریه، دار الفکر الجامعی.

د. أسماعیل، ع. ( 2009) النظم الانتخابیة، بیروت، زین الحقوقیة.

مصطفی، ع. ( 2018) النظم الانتخابیة، الاسکندریة، دار الجامعة الجدیدة.

**دووەم: تێز و ماستەرنامەکان**

سمیر، ح (2006) السلطات الاداریة المستقلة الفاصلة في المواد الاقتصادیة والمالیة، رسالة ماجستیر، جامعه أمحمد بوقره بومرداس .

حمدأمین، س. (2001) استقلال السلطة القضائیة بین النظریة والتطبیق، رساله ماجستیر، جامعه صلاح الدین.

عبدالکریم، ف. (2009) استقلال السلطة القضائیة وتوازن السلطات داخل الدولة، رسالة ماجستیر، جامعة بغداد.

**سێیەم: توێژینەوەکان**

رسول، ج. (2019) الهیئات المستقلة النتخصصة بضمان مبدأ المشارکة في النظام الفدرالی، مجلة قەلای زانست العلمیة، المجلد 4، العدد 1، ص. 1- 48.

القیسی، ح. (2005) مفهوم الاستقلال والهیئات المستقلة فی دستور 2005، مجلة الحقوق، العدد23-24، ص. 1-20.

عیاش، س. (2017) التنظیم القانوني لرقابة مجلس النواب علی الهیئات المستقلة في العراق، مجلة دراسات البصره، العدد 23، ص.(unknown ) .

حاتم، ف. ( 2013) طبیعة الهیئات المستقلة في ضل الدستور العراقی لسنة 2005، مجله کلیة الدراسات الانسانیة، العدد 3، ص 112-131.

عیساوی، ع. (2009) المکانة الدستوریة للهیئات الاداریة المستقلة: مثل الفصل بین السلطات، العدد4، الاجتهاد القضائي، ص. 204-221.

د. ذنون، ی(unknown ) ،. السلطات الاداریة المستقلة و دورها فی حسم المنازعات( مجلس المنافسه نموذجاً)، مجله کلیه القانون للعلوم القانونیة والسیاسیة لجامعة الشارقة، (unknown )، ص 203- 243.

**چوارەم: یاساکان و پەیڕەوەکان**

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (2013) یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە 14

پەرلەمانی کوردستان ( 1992) یاسایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە 1

پەرلەمانی کوردستان( 2008) یاسایی پەسەند کردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، بڕیاری ژمارە ( 16 (

پەرلەمانی کوردستان ( 2015)، یاسایی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری کوردستان – عێراق بۆ ڕاپرسی، ژمارە 4

پەرلەمانی کوردستان ( 2009) بریاری ژمارە 8 ی پەسەندکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی (2015) پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی کۆمیسیاران، ژمارە 1.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی (2015) پەیرەوی ناوخۆی کارگێری هەڵبژاردن، ژمارە 1.

القاضی رحیم حسن الکعیلی، الهیئات المستقلة بین ( الاستقلال التام) و ( الاستقلال الاداري والمالي)، علی الموقع الالکترونی : http://almarayanews.com/new/permalink/3243.html، 5/7/2019 .

**پێنجەم: دیمانە**

حسن، س. ( 2019) پێگەو ڕۆڵی ئافرەتان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

قاسم ، س. ( 2019) پێگەو ڕۆڵی پێکهاتەی تورکمان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

حنا، ن. ( 2019) پێگەو ڕۆڵی پێکهاتەی کلدان سریان ئاشوری لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

**شەشەم : سێمینار**

عبدالعزیز ، د. ( 2019) بەڕێوەبردنی تەندروست و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

**حەوتەم : بڕیارەکان**

ئەنجومەنی کۆمیسیاران (2018) بریاری ئەنجومەن ژمارە (51) زیادکردنی ڕێکاری وێنەگرتنی دەنگدەر لە ڕێکەوتی (2018/9/25)

ئەنجومەنی کۆمیسیاران (2017) بریاری ژماری (12)

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (2017) مەرسومی ژمارە

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی (2017) بریاری ژمارە (33/1/1/ 3/15)

ئەنجومەنی کۆمیسیاران (2017) بریاری ژماری (12) . ڕێباز جمال مولود

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی (2017) بریاری ژمارە (33/1/1/ 3/15) ڕێباز جمال مولود.